**Jean Claude Bearrau**

Signature Not Verified
Copyright 2001
www.nuserikurd.com
Digitally signed by Copyright 2001 www.nuserikurd.com
DN: cn=Copyright 2001 www.nuserikurd.com, c=SE
Date: 2001.11.11 20:37:05 +01'00'

# ئیسلام ئاینی هێز،
# یان هێزی ئاینێک؟!

پوختەیەك لە تێڕوانینەکانی "جان کلۆد بارۆ" دەربارەی "ئیسلام" و "مێژووی ئیسلام"

١٩٩٧

وەرگێڕانی:

کیهان عزیز

ک.چروستانی

## پێشەکییەکی پێویست:

رەنگە تا ئێستا هیچ یەکێك لە ئایینە ئاسمانییەکان، ئەوەندەي "ئایینی ئیسلام " نەبووبێتە جێگای مشتومڕي لێکوڵەرەوەکان ء ڕەخنەگرانی ئەم ئایینە.

ئایینی ئیسلام نەك هەر لە لایەن "ئاتەییزم"ەوە، بەڵکو لە لایەن ئایینەکانی دیکەشەوە، کە بڕوایان بە "خولقینەری جیهان" هەیە، خراوەتە ژێر پرسیار و لێکوڵینەوەی ڕەخنەییەوە.

هەر لەم پیشەکییە کورتەدا، پێوستە ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە ئایینی ئیسلام لە ڕووی زانستیبوون و بەلگە هێنانەوەی ماددی و لۆژیکییەوە نییە کە لە لایەکەوە بووبیتە مشتومڕ و لێکوڵینەوەی ڕەخنەگەرانە و لە لایەکی تریشەوە توانیوویەتی ڕیشەیەکی قووڵ و فراوان لە ناو کومەلگا جیاوازەکانی میژوودا دابکوتێت، چونکە ئەم ئایینەیش هەروەکو ئایینە ئاسمانییەکانی دیکە لە سەر بنەمای خورافە و باوەر بوون بە هێزێکی خەیالی و سەر و سروشت دامەزراوە، بەڵکو لەو ڕووەوە بووتە جێگای مشتومڕ و لێکوڵینەوەی ڕەخنەگرانە کە لە باری میژوویی و بابەتییەوە پشتی بە توندوتیژی بەستووە و ئایینێکی داخراوە. کە بە هیچ جورێك ڕێگا نادات مروڤـ بە ئازادی بیر بکاتەوە دەربارەی ئەو شتانەی کە لە "دەقە پیرۆز" و "نەگۆڕ"ە کەدا گوتراون و کراونەتە یاسا و ڕێسای ژیانی ئابووری، کومەلایەتی، سیاسی و ئاخلاقی کۆمەلگا ئیسلامییەکان.

مشتومڕ لە سەر "ئایەتە قورئانی"یەکان و گوتار و کردەوەکانی "محمد" کارێکی قەدەغە کراوە و هەر جورە پرسیارکردن و گومان کردنێك لە سەر ڕاستی و دروستی ئەو شتانەی کە لە "دەقە پیروز"ە کەدا گوتراون، وە یان لە سەر وتە ڕەدنەکراوەکانی "محمد"، بە "کفر" لە قەلەم دەدرێت و دەست بردن بۆ لێکوڵینەوەیەکی ڕەخنەگەرانەش لە بارەیانەوە بە "جنێو"و "سوکایەتی" بە بیر و

باوەڕی موسلمانان لە قەڵەم دەدرێت، کە سزای هەموو ئەوانەش "مەرگی حەتمی" ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەیە، تەنانەت ئەگەر پەشیمان بوونەوەشی لە دوابێت.

هیچ کارێك ئەوەندەی دەست بردن بۆ لێکولێنەوەیەکی ڕەخنەگەرانە لە سەر ئایینی ئیسلام، کتێبەکەیی و مێژووە خۆیناوییەکەی مەترسیدار نییە بۆ لێکولەرەوە و ڕەخنەگر، بەلام سەرەرای مەترسیدار بوونی ئەم کارە، کەچی لە هەمان کاتدا دەبینین ئەم کارە لە لایەن نووسەران و ڕۆشنبیرانێکی ڕاستگۆ و نەترسەوە کەم تا زۆر ئەنجام دراوە، هەر چەندەش کە لەم ڕێگایەدا ڕۆشنبیرانی مارکسی و عیلمانی ولاتانی ئیسلام نشین قوربانییەکانی خۆیان داوە.
لە ولاتانی ئیسلام نشین دا، سەرەڕای بوونی بەرچاوی لێکۆلەرەوە و ڕەخنەگران لە بواری ئیسلام ناسیدا، کەچی لە هەمان کاتدا کەمترین پەرتووك لەم لایەنەدا لە کتێبخانەکاندا بەر چاو دەکەوێت، کە هۆی بنەڕەتی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی "ئازادی بیروباوەر" لە کومەلگا ئیسلامییەکاندا.
نە "یاسا"و نە "دەولەت"و نە "مزگەوت"و "پارتە ئیسلامی"یەکان ڕێگا نادەن کە لێکۆڵەرەکانو ڕەخنەگرانی بوواری ئیسلام ناسی بە شێوەیەکی ئازادانە ئەنجامی لێکولێنەوەو ڕەخنەکانیان لە سەر "ئاینی ئیسلام" بخەنە سەر کاغەزو بیروڕاکانیان بە ناو جەماوەردا بلاو بکەنەوە، نەك هەر ئەوەش، بەڵکو بە هەر نوسەرێکی ڕەخنەگر بە "ئاینی ئیسلام" بزانرێت کە بەرهەمێکی ڕەخنەیی لە سەر "ئاینی ئیسلام" بلاو کردووەتەوە، ئەوا یەکسەر لە لایەن ڕابەرانی ئەم ئاینەوە فەتوای کوشتنی دەدرێت.... لە بەر ئەوە، نووسەرانو لێکۆڵەرەوە ڕەخنەگەرەکان بە ئاینی ئیسلام لە وولاتانی ئیسلام نشین دا ناچارن کە بە ناوی ڕەمزی یەوە نووسینو بەرهەمە فکریو ڕەخنەییەکانیان لەو بوارەوەدا بلاو بکەنەوە، کە بە بڕواری من ئەم نەبوونی "ئازادی بیروڕا" دەربرینە لە وولاتانی ئیسلام نشین دا

ژێرخانی ئیستبدادی فکری کومەڵگا ئیسلامی‌یەکانی پێکهێناوەو تا کاتێکیش ئەم ژێرخانە ئیستبدادی‌یە هەرەس پێ نەهێنرێت ئیمکانی نی‌یە قسە لە "دیموکراتی" بوونی کومەڵگا ئیسلامی‌یەکان بکرێت...کە_هەرەس پێهێنانی ئەم ژێرخانی ئیستبدادی‌یە فکری‌یەی کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکانیش تەنها بە جیاکردنەوەی "ئاین" لە "دەوڵەت" ناکرێت، بەڵکو بە سەرەنجام گەیاندنی شۆڕشێکی کەلتوری‌و فکری پێشکەوتووخوازانە دەکرێت. لەم رووەوە جیاکردنەوەی "ئاین" لە "دەوڵەت" هەنگاوێکە بۆ پێشەوە، بەلام ڕەگو ریشە داکووتانی بیرو باوەڕی خورافی تووندڕەوانەو ئیستبدادی‌یانەی ڕۆژهەلاتی زۆر لەوە بە هێزترو قوڵترە لە ناو کومەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا کە بتوانرێت بە زەبرو زەنگی سیاسی‌و " شۆڕشێکی سیاسی"یانە بنەبڕ بکریت. لە بەر ئەوە، تەنها ڕێگای وشك کردنی ڕەگو ڕیشەی "ئیستبدادی فکری" کومەڵگا ئیسلامی‌یەکان، بەرپا کردنی "شۆڕشێکی کەلتوری‌و زانستی"یە تیاندا، کە بە بڕوای من هێزە بزووێنەرەکانی ئەم " شۆڕشە فکری‌و زانستی‌و کەلتوری"یەش ڕۆشنبیران‌و بیریاران‌و زانست خوازانی مارکسی‌و عیلمانی پێکی دەهێنن، بە بی بوونی ئەو توخمانە " شۆڕشی سیاسی" بۆ بە دیهێنانی " ئازادی بیروباوڕ"و هەرەس پێ هێنانی بنەماکانی ئیستبدادی فکری کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا تەنها ڕاکردنە بە دوای سەراب دا... بە هەر حاڵ، ئەمە ئەزمونێکەکە کۆمەڵگا ڕۆژئاوایەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجامیان داوە. ئەگەر جەستەی جێور دانۆ(Jewer Dano )نەکرایە بە کەباب‌و دەست نووسەکانی کۆپەرنیك نەسوتێنرایەو گالیلۆیش نەخرایە سەر دووڕیانی مەرگو ژیانەوە، بیریارانێکی وەك جون لوك‌و مۆنتسکیۆ بەو ئاسانیە نەیان دەتوانی بیرۆکەی "کۆمەڵگای مەدەنی بوورژوازی" گەڵالە بکەن‌و لە شێوەی دەستوری سیاسی فرە حیزبی‌و فرە ئایدولوژی دا بۆ "دەسەلات"و شێوەی فەرمانڕوایەتی سیاسەتی چینی بورژوازی لە کۆمەڵگا ڕۆژئاوایی‌یەکاندا بیخەنە ڕوو. بە کورتی

بڵێین، ئەگەر ئەمڕۆ لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا " ئازادی بیروباوڕ" تا ڕادەی ڕەخنەگرتن لە ئاینە جۆراجۆرەکانی هەیە، ئەمە بەرهەمی ئەو شۆڕشە زانستی، فەلسەفیو ڕۆشنبیرییەیە کە لە سەدەکانی ناوەراستەوە تا کۆتایی سالانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی هەبووە دژ بە دەسەلاتی ڕەهای "کلیسا"و بۆ بە دەستهێنانی "ئازادی بیروباوەڕو ڕەخنەگرتن لە ئایین"ی یەکتاپەرەستی مەسیحیەت... لە بەر ئەوە، بە بێ بەرپا کردنی "شۆڕشێکی ڕۆشنبیری" ماتریالیستانە لە وولاتانی ئیسلام نشین دا دژ بە ئیسلامو کەلتوری داخراوی ئیسلامی، کە هیچ جۆرە ئازادییەکی بیروڕاو ڕەخنەگرتن بە رەسمی ناناسێت، ئیمکانی نییە کە بەو ئاسانییە لە ڕێگای "شۆڕشی سیاسی"یەوە، یا خود بە بەرز کردنەوەی شعارێکی گشتی وەك "جیای ئایین" لە دەسەلاتو لە "دەوڵەت" ئازادی بیروباوەڕو رەخنەگرتن بە دەست بهێنریتو کۆتایی بە ئیستبدادی فکری ناوخۆی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بهێنریت.

بۆ بەرپا کردنی "شۆڕشێکی ڕۆشنبیری" ماتریالیستانە لە وولاتانی ئیسلام نشین دا، دووبارە کردنەوەی ئەزمونی ڕۆژئاوا کاریکی زەروریو پێویستەو ئەزمونێکی سەرکەوتووە بۆ بنەبڕ کردنی ئیستبدادی فیکری ئیسلامی ناوخۆی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان. لەم رووەوە وەرگێڕانی بابەتە زانستی فەلسەفیو ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژئاواو، تەنانەت ڕەخنەی نووسەرانی یەهودیو مەسیحیو تاد.... لە ئاینی ئیسلام، ئەرکیکە کە دەکەوێتە سەرشانی ڕۆشنبیرانی پێشکەوتوو خواز بە مەبەستی هەرەس پێهێنانی ئیستبدادی فکری ئیسلامی، کە بۆ خۆی لە هەمان کاتدا ئیستبدادێکی سیاسیو کۆمەلایەتییە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا.... وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بۆ سەر زمانی کوردی هەوڵێکە کە پێشترو بەدیارکراوتر لە سالی(١٩٩٦) لە لایەن هاوڕێیان (کیهان عزیز، چروستانی)یەوە دراوە لە راستای بەدیهێنانی ئامانجی ئازادی بیروباوەڕو ڕەخنەگرتن دا... ئیستاکەش بە مەبەستی

چاپو بلاوكردنەوەی، دەرهێنانی لەو ناوەندە بەر تەسكەی كە سالی (١٩٩٦) بە دەست نووس تیایدا بلاوكرایەوە، سەر لە نویّو لە بارودۆخێكیتردا،لە سالی ١٩٩٧ لە ژێر ئەم ناونیشانەدا: ئاوڕێك لە كتێبی: "ئیسلام، ئاینی هێز، یان هێزی ئایینێك"، كە پوختەیەك لە تیڕوانینە ڕەخنەییو بەراووردكاری‌یە ڕەخنەكانی"جان كلۆد بارۆ" لە نیوان ئیسلام و مەسیحیەتدا، داڕشتنەوەو پوختەكردنەوەیان بە پێویست زانرا تا خۆینەری كورد ئاگادری باری سەرنجە ڕەخنەیی‌یەكانی نووسەر بێت.

ئەوەی ماوەتەوە لەم پێشەكی‌یەدا تیشكی بخەینە سەر بە كورتی ناساندنی نووسەو بەرهەمەكەیەتی. جان كلۆد بارۆ لە دایكی بووی سالّی(١٩٣٣)یەو پێنج ڕۆمانو چەندین بەخشانو لێكۆلینەوەی فكری هەیە. دواترین پەرتوكی نووسەر(ئیسلام، ئاینی هێز، یان هێزی ئایینێك)، بریتی‌یە لە بەرهەمی چەند سالّەی لێكۆلینەوەی نووسەر لە سەر گیروگرفتەكانی بیروباوەڕی ڕۆشنبیریتی گەلە موسلمانەكان. بلاوبونەوەی پەرتوكی ناوبراو بووە هۆی دروست بوونی زنجیرەیەك گیروگرفتو زیزبوونی سیاسیو دەست پێكردنی گفتوگۆی تووندو تیژی، كە سەرئەنجام نووسەر ناچار كرا كە واز لە سەرۆكایەتی خزمەتگوزاری هیجرەی نێو دەولەتی بهێنیّ، بەلام لە گەل ئەمەشدا پەرتووكەكەی خەلاتی بەرزو پایەدارەكەی "ئەمڕۆ"ی وەرگرت كە هەمو سالّێك نوێنەرانی گوڤارە بەناوبانگەكانی فەرەنسا بڕیاری لە سەر دەدەن. نووسەر، لە زۆر ڕووەوە بۆ چوونەكانی خۆی بە شێوەیەكی ڕەخنەگرانەو ڕاشكاوانە لە سەر میژووی سەرهەلّدانی ئیسلام، پێگەو ژینگەو ناوەرۆكی ئایەتەكانی قورئان دەربڕیوە. ئەو لە گفتوگۆیەكی دا لە گەلّ گۆڤاری "ڤیگارو"ی پاریسدا بە ڕاشكاوانە دەلّێت:"ئاینی ئیسلام كۆنەپەرست ترینو ئانتی‌دیموكراتی‌ترینو داخراوترین دینە بۆ مافەكانی مروڤـ"،و بەشێكی پەرتووكەكەیشی بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو تیڕوانینەی خۆی تەرخان كردووە. لە ولام

به پرسیارێکی هەمان گۆڤاردا کە دەپرسێت"ئایا لەوە سڵ ناکەیتەوە کە ڕەخنەکانت ببێتە هۆی دروست بوونی نارەزایەتی لە نیو موسڵمانانداو بتکەن بە شەریکی سەلمان ڕوشدی؟" نووسەر دێتە وەڵامو دەڵێت: "ڕووداوەکەی من هاوباسی ئەوەی سەلمان ڕوشدی نیـیە، چونکە من مرۆڤێکی ڕۆژئاواییمو لە ژێر دەسەلاتی یاسای ئیسلامیدا نیمو هەرگیز ڕێگایان نادەم کە بە شەریعەت بمترسێنن...".

پەرتووکەکەی نووسەر لە پێنج بەشو پاشکۆیەکی کورت پیکهاتووە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەردوو وەرگێر لە ساڵی(١٩٩٦)هەموو پەرتووکەکەیان وەرگێرا بوو، بۆ ئامادەکردنی بۆ چاپو بڵاو کردنەوەی لە ئاستێکی فراواندا بە پێویستیان زانی کە پوختەیەك لە تیڕوانینەکانی بڵاو بکەنەوە، کە لە سەر پێشنیاری من بەشی دووەم، سییەمو چوارەم بە چاپ دەگەیەنیتو لە هەلێکی لە بارتردا پەرتووکەکە بە تەواوی بلاو دەکەینەوە. لە کوتاییدا دەست خۆشانە لە هەردوو هاوڕێی وەرگێڕ (کیهان عزیز و ك .چروستانی) دەکەم.

**تاهیر صالح شریف**

# ئیسلام

سەرەتا پێوستە دەست لە "داستانە ئاڵتونیکە" بشوین کە لە ڕۆژهەلاتناسەکانەوە هێنراوەتەکایەوە، چونکە "داستانە ئاڵتونیکە" هۆیەکە بۆ هەندێك ڕووداو کە بۆ ئێمە ڕوون نەکراوەتەوە لەمڕۆدا. ئایا دینی ئیسلام دینێکی پێشکەوتوو خوازی لێبوردە بووە؟

بێگومان ڕۆژهەلاتناسەکان بەر پەرچی ئەوە نادەنەوە کە لە کاتی بلاوکردنەوەی دینی ئیسلامدا هێزو توندو تیژی بەکار هێنراوە، بەلام دووپاتی ئەوەش دەکەنەوە کە کاتێك ڕۆژنامەنووسەکان لە بارەی لوبنانەوە دەیانووسی، بیریان لە دەر بڕینێکی تازە کردەوە کە بریتی بوو لە"ئیسلامی پێشکەوتووخواز"، کە بە بێ دەنگی بەرەنگارێتی "مەسیحیەتی کۆنەپەرەستی"ی دەکردو ئەم دەربڕینە نوێیەی ئیسلام هەتا ئیستاش لایەنگرانی هەیە.

ئەوان هەوڵ دەدەن بروایان پێ بکەین کە ئیسلام لە ڕابردوودا چەندەها شارستانیەتی گەورەی هێناوەتە کایەوە، لە کاتێکدا باو باپیرانمان(ئەوروپییەکان) هێشتا هەر بەربەری بوون. لە سەردەمی سەر هەڵدانی ئیسلام و دوای ئەودا تیشکی شارەکانی کۆردوڤاو بەغداد پرشنگی دەدایەوە. هەر لە عەرەبەکانەوە زانستە کۆنەکانمان وەرگرتووە، هەر لە ماتماتیکەوە تا نووسراوەو داڕێژراوە نەمرە یۆنانییەکان !

له بناغەی ئاینی ئیسلامدا تەنها یەك پەرتووك هەیە. له كاتی شەهادەتی دینەكەدا هەمیشه ناوی پیغەمبەر دەبرێت(اشهد ان لا اله اللهو اشهد ان محمد رسول الله)، بەڵام به پێچەوانەوە محمد شوێنێكی ناوەندی(مركزی) وەكو عیسا بەرز ناگرێت كه وا دینەكه پشتی پیّ ببەستیت.

له لاهوتی ئاینی ئیسلامدا محمد تەنها نوێنەرێكی ووشەكانی خوایەو جبرائیلیش گۆێزەرەوەیەكی ناوەڕاسته له نێوان خواو محمددا. قورئانیش بریتی‌یه له خوێندنەوەی(تلاوت)ی ووتەكانی خودا. له ڕاستی‌دا "قورئان" واته "خوێنراوە"و ئیسلامیش بریتی‌یه له دینی كتیبەكە.

محمد له هەموو بارودۆخێك دا هەمیشه نامەكەی خۆی ڕاگەیاندووەو "تلاوت"ەكەی به جیّ هێناوە، گەرچی له مەیدانی جەنگیش دا بووبێت... ئایا ووتەكانی خوا خودی خۆی دەری بڕیوون؟ یا خود تەنها بەوە ڕازی بووە كه ووشەكانی خوا بگوێزرێتەوە له ماوەی بیستو سیّ ساڵەی پێغەمبەرایەتی‌دا له ژێر كارتیكردنی وەحیەكی خوایانەدا. لەم بارەدا نووسینەوەو توماركردنی قورئان بریتی‌یه له كاری لایەنگرەكانی محمد، كەس نازانێت ڕاستی‌یەكەی چی‌یه؟ تەنها یەك شت ئاشكرایە، ئەویش ئەوەیە كه قورئان له سەر زۆر شتی جیاواز نووسراوەتەوە، وەكو گڵی سور كراوە، پێستی حوشتر، پێستی ئاسكو...

سیّیەم خەلیفەی پاش محمد (عوسمان) شێوازە ڕەسمی‌یەكەی قورئانی دەوروبەری ساڵی (٦٥٠ز) له مەدینه جێگیر كرد.، هەرچەندە كه چەند شێوازێكی جیاوازی داڕشتنی قورئان هەبووە، بەڵام (ئەو)دارشتنەی ئەو تا ئەمڕۆیش به نەگۆڕاوی ماوەتەوە.

كۆنترین دەستنووسی قورئان كه به دەستمان گەشتبێت، یەك سەدە پاش ئەو نووسراوەتەوە له شاری كوفەی عیراقه كه له دەوروبەری سالی (٧٥٠ز)یە. له

ئایاکاندا ئەو ڕیزبەندییە نەپارێزراوە کە کاتی خۆی محمد وەك وەحیەك بۆی هاتووەتە خوارەوەو نامەکەی خۆی بە موسڵمانان گەیاندووە، بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا بۆ شیکەرەوەکانو موفەسیرەکان گران نیە کە لە قۆناغە جیاوازەکانی هەر سەدو چواردە سورەتەکانی کتێبە پیرۆزەکە بناسنەوەو دیاری بکەن. بەڵام ئەم جیاوازیو پێچەوانەیەی کە سورەتەکان بە شێوازێكو ڕێگایەکی زۆر ئاست نزمو نالەبار نووسراونەتەوە بە هیچ شێوەیەك موسڵمانە باوەڕدارەکان نا پەشۆکێنێتو نایانشلەژێنێت. لە قورئان دا هەر سورەتێکی داهاتو کورترە لەوەی پێشوتر، بەم شێوازە ڕیز کردنەش بە تەواوی کرۆنۆلۆجیای (Chronology)پێغەمبەرایەتیو ووتەکانی ئاوەژۆ دەکاتەوە، بەڵام خەلیفەکانو جێگیرەکانی محمد هیچ بایەخێك بەم باسە نادەن.

قورئان لای موسڵمانەکان نەك تەنها نووسراوەیەکی ڕۆحانییە، بەڵکو ئەو نامەیە کە ڕاستەوخۆ بە زمانی عەرەبی هاتووەتە خوارەوە. لە ڕوانگەی ئەم پایە ئاینییەوە پەیوەندییەکی نەڕوخاوی بەردەوام هەیە لە نێوان ئاینی ئیسلامو زمانە پیرۆزەکەی ئاینەکەدا. لە لای یەهودیو مەسیحییەکان، نووسراوە پیرۆزەکان هیچ ڕێگریەکیان نەبوو بۆ ئەوەی کە لە یەهودی کۆنەوە وەری بگێڕنە سەر زمانی ئارامیو لە ئارامییەوە بۆ سەر زمانی یۆنانی.

ئەمڕۆ ئینجیل وەرگێراوەتە سەر هەموو زمانەکانو خواپەرەستنی مەسیحیانە بە هەموو زمانێکی زیندوو ئەتوانرێت بەجێ بهێنرێت. بە پێچەوانەوە، موسەڵمانەکان جگە لە زمانی عەرەبی حەز ناکەن بە هیچ زمانێکیتر قورئان بخوێننەوە. ووتە یەزدانییەکان ناتوانرێت وەربگێڕدریتە زمانی کافران[1].

زانا موسڵمانەکانیش هۆیەكو بناغەیەکیان هەیە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بیربکەنەوە، لە هەمووی سەر سوڕهێنەرتر ئەوەیە کە هەندێك لە

ئاتیستەکان(Atheist) ی ڕۆژهەلأت پشتگیری زانا موسلمانەکان دەکەن لەم باسەدا، وە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە گەر بێتو زۆر بە ووردی زمانی عەرەبی نەزانیت هەرگیز ناتوانیت بە ڕاستیو ڕێكو پێکی لە قورئان بگەیت*. هەر لە بەر ئەمەشە کە زۆر هەولی بێ سوود دراوە بۆ وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانەکانیتر. بە هەمان شێوەش "برۆنۆ ئێیتن" دووپاتی ئەم باسەی کردووە لەو کونفرانسەی کە لە سالی ١٩٩٠ دا لە بارەی دینی ئیسلامەوە لە شاری پاریس دا بەڕێوە برا.

---

١-گیرو گرفتنی وەرگیڕانی قورئان هەر لە سەدەکانی یەکەمی سەرهەلدانی ئیسلامەوە گفتگوگۆو ڕاوێژکاری دروست کردووە. ئەمڕۆ قورئان بە زیاتر لە ١٠٠ زمان هەیە بە وەرگیڕادراوی، بەلام لە کاتی نوێژدا تەنها زمانی عەرەبی بە کار دەهێنرێت

*-ئایاتە قورئانییەکان زیاتر لە سەر وەزنو قافیەو بە شێوەی شیعر نووسراون، لە بەر ئەوە دەبێت وەرگێڕ لە کاتی وەرگیڕاندا زۆر ووردو شارەزار بێت، چونکە ئیقاعو تەنانەت زۆر جاریش مانای خۆیان لە دەست دەدەن، لە بەر ئەوەیەکە ئاتیستەکانی ڕۆژهەلأت پشتگیری لە زانا موسلمانەکان دەکەن، نەك بە هۆی شتێکیترەوە.- وەرگێڕ-

هەموو وەرگێرانیك "خیانەت"ێکە بۆ دینەکە، بەلاَم ژاك بێرك بەم نزیکانە سەلماندوویە کە ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر باش وەربگێرێت ئەوا دەتوانین بگەینە ناو بەشێکی زۆری نووسراوە بنچینەیەکە، کە بناغەی هەموو ئەدەبیاتی عەرەبی‌یە، ئەو بناغە ئاینی‌یەی کە بەتین‌و نەپچڕاوی نێوان زمانی عەرەبی‌و دینی ئیسلامی تیادا بەدی دەکریت، بووەتە هۆی بەردەوام بوونی ئەو خرافەیەی کە پیٚی دەلێن "یەکێتی عەرەب"

زۆر جار لە بارەی "یەك نەتەوەی عەرەب"ەوە قسە دەکرێت، بەلاَم لە ڕاستی‌دا زۆر گەلی عەرەبی هەیە، بۆ نموونە گەلی مەراکیش ڕوویەکی تایبەتی خۆی هەیەکە ناتوانین شکی لیٚ بکەین. هەروەها گەلی میسریش ڕوویەکی تایبەتی خۆی هەیە. چ شتێکی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەم دوو گەلەدا. جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە، ئەوەندەی جیاوازی گەلی ئیسپانی‌و پۆڵەندی، بەلاَم ئەوەی یەکی پیٚگرتوون‌و هاوبەشە لە نێوانیاندا تەنها دینەکەیەو کاریگەرێکی گرنگە، لە هەمان کاتیشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دینەکە ئەم دوو گەلە دەکات بە یەك. هەر لەم بوارەدا پێویستە ئەوەش بلێن کە هەزارها میسری هەن کە مەسیحین(بە قیبتیەکان ناو ئەبرێن).

ئەو بیروباوەڕەی کە دەلێت "یەك نەتەوەی عەرەبی" بریتی‌یە لە چیرۆکێکی خیالی، وە هەر ئەم خیالە "خرافە"یە ڕیٚ لە زۆر گەل ناگرێت بۆ ئەوەی خۆیان پیٚ بگەیەنن‌و دروست بکەن. جگە لە وەش، زۆربەی زۆری موسڵمانان عەرەب نین، ئەکەر چی لە کاتی نوێژو خواپەرستینشدا "زمانە پیرۆزەکە" بەکار بهێنن. تورکەکان نەتەوەیەکی ئورالیٚ ـ ئەلتایین‌و بە زمانێکی سیبیری[1] (Siberi)

---

١–زمانی تورکی ئەکەوێتە ناو کۆمەڵەی ئورالیٚ– ئەلتییەوە

ئەدوێن‌و ئێرانی‌یەکان فارسن‌و بە زمانی فارسی قسە دەکەن‌و پاکستانی‌یەکان هیندین‌و بە زمانی (وردو) قسە دەکەن، سەنگالی‌یەکان ئەفریقین‌و زۆربەیان بە

فەڕەنسی قسە دەکەن. پەیوەندیيەکەی نێوان دینی ئیسلامو زمانی عەرەبی تەنها پاکانەیەکی لاهوتیانە(Theologian)ی هەیە.

## ئایا کتێبە پیرۆزەکە چی تێدایە؟

هەوڵ دان بۆ ڕۆژی حەشر، دووپات کردنەوەی هێزو توانای بێ شەرتو ڕەهای خوا، هەوڵدان بۆ سزادانی کافرەکان، لە پاشاندا لە ترساندنێکی ئیسکاتۆلۆجیيانەوە (Eschatology) ئەچێتە سەر ڕوونکردنەوەیەکی ووردی بناغەکانی ژیانی خێزانو خواردمەنیو شتە قەدەغە کراوەکانو نوێژ. وە گەران بە دوای ناموسڵمانەکاندا کارێکی دیاریکراوی پێویستەکە لە ناو قورئاندا بەدی ئەکەین. لە بەر ئەوە، ئەتوانین بڵێین کە بە زەحمەت دەتوانرێت ووشەیەك "خوشەویستی گشتی"تیدا بدۆزینەوە، هەر وەك ئەندرێ شوراکی دەڵێت:

ئەگەر بمانەوێت بە راوردێك لە نێوان دینەکاندا بکەین، گەرچی ترسی ئەوەشمانبێت کە دڵی هەندێك لە خوێنەرانمان ئازار بدەین، ئەبێت ئاشکرا یبکەین کە قورئان لە ئاستێکی زۆر نزمتر دایە بە بەراوردکرن لە گەڵ نووسراوە دینیيە پێروزەکانیتری مروڤایەتی دا، ئینجیل، تەوراتو ئەلیادە.

بە بەراوردکردنێك لەگەڵ ئەم پەیکەرە ئەدەبیانە، قورئان دەقێکی کۆنی مردووی هەیە، کە هاو شانو هاو ڕەوتە لە گەڵ کۆنترینو ووشکترین بەشی تەوراتو ئینجیل وەك "لێڤیت" سیٚهەمین پەرتووکی موسا! لەوانەیە بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیيە زەقە بشارنەوە هەندێك ئور سیٚهەمی تیتالیست(Orientatist) سورن لە سەر ئەوەی کە قورئان پێویستە وەرنەگێڕدرێت.

دووم پله كه له ئیسلامدا دێت بریتی‌یه له سوننه[1] (السنه). له پاش مردنی پێغه‌مبه‌ر موسڵمانه‌كان وا هه‌ستیان ده‌كرد كه تێك شكێنراون. قورئان له باره‌ی محه‌مه‌ده‌وه زۆر نه‌دواوه، ڕاستگۆ بڕواداره‌كه( الصادق الامین) له پاش نه‌خۆش كه‌وتنی به ماوه‌یه‌كی كورت له هه‌شتی حوزه‌یرانی ٦٣٢ زاینی‌دا كوچێ دوایی كرد. په‌رتوكه پیرۆزه‌كه‌ش هه‌روا موسڵمانه‌كانی به‌جێ هێشتووه به بێ ڕابه‌ری‌كردن‌و نیشاندانێك بۆ بارودۆخه تازه‌كان. یه‌ك سه‌ده پاش له كۆچ كردنی پێغه‌مبه‌ر گشت جێگره‌كانی، ناسیاوه‌كانی، ناسیاوی ناسیاوه‌كانی، ئه‌وانه‌ی ڕۆژێك له ڕۆژان به‌شداری په‌یامه‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ریان كردبێت، له هه‌موو ئه‌مانه‌و گشت گفتوگۆكانی، یا خود "حه‌دیسه‌كانی" زۆر ئازایانه‌و تێكۆشه‌رشانه كۆ كرانه‌وه‌و به‌مه‌ش سوننه‌ت پێكهێنرا. له‌م چه‌ند به‌شه جیاوازه شه‌ش كۆمه‌ڵه دروست بوو كه به‌ناوبانگ ترینیان كۆمه‌ڵه‌ی بوخاری بوو، كه‌له ناوه ڕاستی ئاسیادا له دایك بووه‌و له ساڵی(٨٧٠)ی زاینی‌دا كۆچی دوایی كردووه‌و له سه‌مه‌رقه‌ند نێژراوه. هه‌روه‌ها یه‌كێك له كۆمه‌ڵه

---

١–سوننه‌ت: ئه‌و عاده‌ت‌و ته‌قالیدانه‌ن كه له باوو باپیرانه‌وه مانه‌ته‌وه‌و پێغه‌مبه‌ر پشتگیری لێ كردوون له سه‌ر بناغه‌ی "ووته‌كانی" خودی خۆی، كه به ئاشكرا یا خود به بێ ده‌نگی پێغه‌مبه‌ر به باشی زانیون.

بەناوبانگەکانیتر بریتییە لە کۆمەڵەباوەڕ پێکراوەکەی موسلیم[1].

پێویستە ئەوەش ئاشکرا بکەین کە گەورەترین هۆی بنچینەیی بۆ کەرتو پەرت بوونی ئیسلام بریتی بووە لە ڕاڤەکردنو شیکردنەوەی نووسراوە پیرۆزەکانی ئیسلام.

شیعە[2] هەموولایەنگرەکانی علی[3] یەك خست، کەوا سوور بوون لە سەر ئەوەی دەسەڵاتی دینی ناو کۆمەڵگاتەنها بدریتە دەست نەوەکانی پێغەمبەر . فاتمەی کچی محمدو زاواکەی(علی) بریتین بوون لە تاکە وەچەکانی محمد کە لە ژیاندا مابوون. شیعەکان بە ناوی دەسەڵاتی خەلیفایەتی میراتگریی، شۆینو پایەی سوننەیان شکاندو کەوتنە شکەوە لێیو بەم شێوەیە دژایەتیو بەربەرەکانێی سوننەیان ئەکرد بە ئیسلامەتییەکی کلێریکالتر(Clerical)،

---

١- موسلیم حەجاج نیشاپوری(٨١٧-٨٧٠) زانایەکی دینی بەناوبانگو ناسراوە. دانراوەکانی شوێنێکی بەرزو پایەداریان گرتووە لە نێو(شەش پەرتووکەکەی سوننەتدا).

٢- شیعە: دووەم ڕێگای ئیسلامە لە پاش سوننەدا کە لە ١٠٪ی مەسلّمانەکان ئەگرێتە خۆییو زۆربەی زۆری لایەنگرەکانی بریتین لە لایەنگرەکانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب.

٣- عەلی کوڕی ئەبو تالیب (٦٠٢-٦٦١) ئاموزاو زاوای محمد، چوارەم خەلیفەی ڕاشیدییەو ڕێز گرتنی عەلی لە لایەن شیعەکانەوە هەندێك جار گەیشتووەتە ڕادەی پەرستنو تەنانەت هەندێك جار لە پایەو ئاستی محمد باڵاترە.

كه تا ڕادەیەك دڕندانه له قەڵەم ئەدرێتو فارسە زەردەشتیەكان زۆر پێشتگری ئەم شێوازە دینیەیان ئەكرد.

شەریعەت: سێهەم پلەی دینی ئیسلامە، له زمانی عەرەبیدا شەریعەت واتە رێگا، یا خود ڕێباز. شەریعەت ئەو یاسا بنچینەییانە ئەگرێتە خۆ كه پاش هاتنی قورئان دیاری كراون ئەوەی ئەمڕۆ به یاسای دینی ئیسلامی ئەناسرێت بریتیيه لەو یاسانەی كه هاتوونەتە كایەوە پاش كۆچ كردنی محمد. بەڵام هەر وەك فەرموودەكانی سوننەت خراونەتە پاڵ ووتەكانی پێغەمبەرو به شتێكی پیرۆز سەیر ئەكرێن،

به هەمان شێوە ئەو یاسانەی كه له شارە عەرەبەیەكان دا هەبوون، له كاتی سەرهەڵدانی ئیسلامیشەوەبه شتێكی پیرۆزو پرشنگدارێتی گرتە خۆیان. بەم شێوەیە یاساكانی سزادان، خێزان، میراتی، یاسای نێو دەوڵەتیانەی ئیسلام، هەموو ئەمانە وا دەرئەكەون كه به ڕێزو بەهای نێو كتێبە پیرۆزەكەوە به نەگوڕاوی بەسترابنەوە. ئەمەش زۆر كارتێكردنێكی هەست پێكراوی هەیە، چونكەله كاتێكدا سوننە موسڵمانان لێك جیا ئەكاتەوە كه چی شەریعەت دەیەوێت یەكیان بخات.

دوای ئەوەی كه بناغە سەرەكییەكانی دینی ئیسلاممان دیاری كرد هەوڵ ئەدەین كه بەراوردێكی شیكەرانەوە بكەین بۆ ئەوەی لەوە بگەین كه ئیسلام به چی له دینەكانیتر جیاوازی ئەكرێت؟ لێرەدا له سەر شەش دیاردەی ئیسلام ئەوەستین بۆ ئەوەی ئەم بەراوردە بكەین.

ئەو موسڵمانانەی كه هەمیشە پارێزگای له دینەكەیان دەكەن، بەو شێوەیە ئیسلام دەناسینن كه "دوایین دینە هاتبیتە خوارەوە"، و هەر لەم دیاریكردنەوە ئەم بیرو بۆچوونەی خوارەوە ئەخرێتە ڕوو:

له بەر ئەوەی دینی ئیسلام له دوای دینی یەهودیو مەسیحی هاتووه كه واته ئەبێت پێشكەوتووترو پێگەیشتوتر بێت...ئایا ئیسلام دوایین دینه كه هاتبێته خوارەوه؟ بابزانین كه ئاوایه؟

كاتێك كه هیجره ڕوویدا، واته كۆچی كردنی محمد له گەڵ حەفتا ئەسحابەكه له مەكەوه بۆ مەدینه له ٢٤ ئەیلولی ٦٢٢ی زاینی، واته له سەدەی حەوتەمدا، محمد وەك هاوكاتو هاوچەرخێكی ئیبراهیم خۆی دائەنیٚو له بارەی بیرو بۆچوونەكانیەوه له لایەنه كەلتوریيەكەیدا، له كاتێكدا ئیبراهیم بیستو سیٚ سەده پێش لەو ژیاوه. هەر دوو پێغەمبەرەكه له هەموو شتێكدا له یەكتەری ئەچن، هەردووكیان له شارێكی سەر ڕێگای كاروان ژیاون، له دەوروبەری بیابانو عەرەبستانی سعودیو سوریا. بۆ یەكێكیان شاری مەككه له حیجازداو بۆ ئەوەیتریان شاری "ئور"خانەخویٚ یەك بوو. هەردووكیان وەحی پێغەمبەرایەتیان بۆ هاتووەته خوارەوەو له ئەنیمیزمێكی(Animisim) بازرگانییەوه دەچنه سەر مونۆتیزمێكی زۆر گرانو ئاڵۆزو شاره بتپەرستەكه بەجیٚ ئەهێلن. بەم بەجیٚهێشتنه تێگەیشتنیان له بارەی جیهانەوه خوڕەو شتو كەسایەتیان به تەواوی ئەپارێزرێت. بەرانبەر به سەرسوڕ هێنەرترین بەلگەنامه ڕاوه ستاوین بۆ سەلماندنی ئەو شتەی كه به "گوێزانەوه له كات دا" ناو ئەبرێت. گویزانەوه له بەردەماومیتی كاتدا

بریتییه له ڕاستییەكی حاشا هەڵنەگر كه گوایه خەڵكی چەرخێك هەمیشه هاو سەردەمو هاوچەرخ ناژین. بۆ نموونه دانیشتوانی "نیوگیونیا" تا سەردەمێكی نزیكیش له بارودۆخێكی وادا ئەژیان كه له بارو دۆخی چەرخەكانی پێشووتری ئێمه ئەچوو. گەرچی له سەدەی بیستەمدا ئەژین بەلاٚم هیچ هاوسەردەمێتیو هاوچەرخێتییەكی ئەورو پییەكی ڕۆژئاواو ژاپونیەكیان تێدانییه. یا خود به شێوازێكیتر ئەتوانین بڵێین كه ئەوان هاو چەرخی ئەوانەن كه ئەشكەوتەكانی

(لاسكۆ)یان پڕ كردووەتەوە بە وێنەیدا تاشراو، بە هەمان شێوە دەتوانین دووپاتی ئەوە بكەینەوە كە لە سەدەی حەوتەمدا دانیشتووانی حیجازو بەدەویەكان لە بیابانی عەرەبیدا هاوسەردەمو هاوچەرخی بێزەنتیەكانی(ئەنتیلۆكیا)، ئەلكسەندەریاو قوستەنتینە نەبوون، بەڵكو هاوچەرخی كۆچ كە رو بەدەوییەكانی چەرخی ئیبراهیم بوون. بەڕیزبەندییەكی كاتی، لە واقع دا دینی ئیسلام دوای هەر دوو دینە مۆنۆتیستە كە(Monotiest) (مەبەست دینی مەسیحیو یەهودییە) هاتووە، بەڵام لە لایەنە دەروونییەكە دا لە ڕەوتێكی باشدا ماوەتەوە.

تێگەیشتنمان بۆ (گوێزانەوە لە كاتدا) ڕێگامان پێ نادات لەو ڕاستییە بگەین، هەرچەندە كە دینی ئیسلام لە پلانە مێژووییەكەیدا لە دوای دینی مەسیحیو یەهودیشەوە هاتبێت، بەڵام لە لایەنە ڕۆحییەكەیداو لە لایەنە ڕۆشنبیرییەكەیدا دینی ئیسلام دینێكی زۆر سەرەتاییو تازە پێگەیشتووە. هەر لەم پلانەدا بۆمان دەردەكەوێت كە دینی ئیسلام دوایین دین نییە، بەڵكو بە واتایەكی زۆر ڕوونتر، یەكەم دینە.

پاش ڕەوتە ڕۆشنبیرییەكەیو پاش پریمیتیڤیسم(Primitivisim)كەی ئیسلام زۆر زیاتر بە هێز ئەبێت بە هۆی سەهوڵ بەندانییەكەی لاهوتی ئیسلامەوە كە لاهوتی ئیسلامیش زۆر بە هێواشیو بە كزی خۆی ئەداتە دەست گۆڕانو گەشە كردن. گەر ئیبراهیم چەندها حەزرەتی(یان پێغەمبەری) جولەكەی بە دوا داهاتبێت، ئەوا محمد بە دوا ووشەیدا بەزیوی خوا دائەنرێت. لە قورئانیشدا هەموو ئەم شتانە ووتراوە. كە واتە ئیسلام دینێكە كە لە "كاتەكەی"دا گوێزراوەتەوە. بەپێی ئەو بیرو بۆچوونەی كە دەرونزانی سەردەم ئەو دیاردەیەی پێ ئەبەخشێت. پاش ڕەوتەكەی ئیسلام، كە زۆر كات تیایدا بەردەوامە، هوكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەركاییزمەكەی(Archaisim) ئیسلامو بە هێز بوونی دیاریدەی نائامادەیی بۆ

گۆڕان‌و گەشە کردن، هەر وەك لە بەشە مێژوویی‌یەکەی ئەم پەرتووکەدا ڕوونی دەکەینەوە.

لە کۆتایی جادەکانی شارەکەدا، بە دیوارە نزم‌و سپی‌یەکانی‌یەوە، لە پڕێکدا مزگەوتێکی ڕووناك‌و بەتاڵ‌و پاك خاوێن بە رزئەبیتەوە، کە منارەکانی بە رەو هێزە دەست پێ ڕا نەگەیشتووە بێ کۆتایی‌یەکەی خوا خۆی ئاڕاستە دەکات، ئەویش باوەڕە ڕووناکەکەی محمدو ئیبراهیم دیاری دەکات کە بە بێ ئاراستە بە هەموولایەکدا دەڕۆن.

جیهانە زیندووە ڕەنگاو ڕەنگەکەی بازاڕ واز لە کارگەرو فەرمانبەر ئەهێنن بۆ ئەوەی ئەوان ببن بە بەدەوی، بۆ ئەوەی هەڵگری دین‌و بیرو باوەڕەکە بن.

دینەکانی‌تر کەم تا زۆر بازنەیین، بەڵام ئەوە تەنها دینی ئیسلامە کە بە دینێکی شاقوڕلی دیاری کراوە. بارە دەرونی‌یەکەی مرۆڤـ لە سێ باری جیاوازدا خۆی دەر ئەخات، کە دین کاریگەرێتی خۆی تێدا ئەنوێنێ:

١. ئاشتی‌یەکی ناوخۆیی:ـ- کاتێك مرۆڤـ ئەچێتە ناو دەرونی خۆیەوەو داگیری ئەکات، لە بناغەی ژیری‌و ژیری ناو خۆی‌دا "خوا"یەکی ناوخۆیی هەیە، هەروەکو حەزرەتی ئەڤگوستین ئەفەرموێت: (خوا نزیکترە لە من وەك لە خودی بوونی خۆم) بودیزم‌و دینە هیندی‌یەکان بەر لە هەمووشتێك دینێکی ئاسایشی ناو خۆن. ئەوان بەرپرسیارێتی ئەو مەترسی‌یە ئەخەنە سەر شانی خۆیان کاتێك مرۆڤـ بە شێوەیەکی نائاسایی لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا ئەپچرێت.

٢. دەوروبەر: ـ مرۆڤـ دەور دراوە بە خەڵکانیتر، برایەتیش ووشەیەکی پیرۆزە. دادپەروەری گەورە(ئێڤەنگێلێس) لە ڕۆژی حەشردا ئەفەرمووێت: (ئەوەی ڕەتتان کردووەتەوە بۆ بچوکترین براتان وەك ئەوە وایە کە بۆ منتان ڕەت

کردبێتەوە). بیری برایەتی لە سوشیالیزمو ئینترناسیۆلیزم هەمان مەبەستو ئاراستە بەکار ئەهێنێت.

٣. سەرەتای جیهانەکەیتر : لە سەرو مرۆڤەوە یەزدانیكو جیهانیکیتر هەیە. دینی یەهودی بێ گومان ئەم یەزدانەی پایە بەرزو پیرۆز کردووە. زانا دینییە مەسیحییەکانی هیلینیزم(Helienism) بیرێکی کارامەیان هەبووە بۆ لێکولێنەوە لە بارەی بەم سێ تەوەرەوە بۆئەوەی یەزدانی تێدا بدۆزنەوەو ئاشکرای بکەن. ئەم ئاشکرا کردنەش ئاشکرا کردنە بێ پایانەکەی دینە بۆ سێ کوچکە پیرۆزەکە.

بە بیرو بۆ چوونی زاناکانی کەنیسە خوا لە یەك ساتدا لە ناو ئیمە دایە لە دەوروبەرماندایەو لە سەرو مانەوەیە، ئاشتییەکی ناوەوە، برایەتی، جیهانەکەیتر. لە ناو ئیمە دایە وەکو ڕوحێك، لە دەوروبورماندایە وەك برایەك (ڕۆحی یەزدان، یان روح اللە)کە بووە بە برای خەڵکی، وە لە سەروی ئیمەوەیە وەکو خوایەك: ( بە ناوی خوا، کوڕ، ڕۆحی پێرۆز) ئەمە شەهادەتی مەسیحیەتە.

لاهوتی ئیسلامی ئەو ئازایەتییەی نییە. قورئان هەموو کەسێك ئەنێرێتە دۆزەخ، هەر ئەوەندەی بوێریت جگە لە یەزدانی تاكو تەرا، باسی یەزدانێکیتر بکەیت. لە بەر ئەوە سێ کوچکەکەی دینی مەسیح وەك سێ لایەنێکی وا قبوڵ ئەکرێت کە گوایە "ڕۆحە پێروزەکە" هاوبەشێتی خوا دەکات.

ئیسلام لە سەرو مرۆڤەوەیە، وە ئیسلام دینێکە کە باوەڕی بە جیهانەکەیتر هەیە، بەڵام بە پلەیەکی زۆر فراوانتر لە دینی جولەکە. یەزدان پایەبەرزەکەیە. ئەم (جیهان)ە یەزدانییە هەمو گەیەنەرێك ڕەت دەکاتەوە. محمدیش بازنەیەکی پەیوەند نییە وەکو مەسیح، بەڵکو قسەکە رو شمشێری خوایە. پەرستنی هەر

شتێکی پیرۆز، نابێت له گۆڕێ دابێت، گەر چی له ئەفریقا پاراستی مارابو[1] (Maraby) شتێکی پیرۆز بوو.

خوای ئیسلام بەرزترین تاکە دەسەڵاتدارە کەوا پێویستە سەری بۆ دانەوێنرێت، وە لە زمانی عەرەبیدا ئیسلام واتە سەردانەوان، یا خود تەسلیم بوون. ئەوانەشی دینی ئیسلام ڕەت دەکەنەوە بە "هەڵگەڕاوە" ناو ئەبرێن. ئەو دەسەڵاتدارە لە هەمان کاتدا زۆر زۆر لە مرۆڤی بڕوا دارەوە نزیکەو لای زۆر کەس هەر (الآنا۔ العلیا)کەی فرۆیدە. سێگمۆند فرۆید قورئانی خوێندووەتەوەو چەند شتێکی سەرەکی لە بارەی مەسیحیەتەوە ناسیووە.

---

١– مارابو: پیاوە سپییەکە کە چەند تایبەتمەندییەکی نائاسایی هەیە

فرۆید هێزی یەزدان دائەگرێتە خوارەوە فەنکەشەنە وە ستێنراوەکەی دەسەڵاتی خەسێنراوی خوا. موسڵمانە تەقلیدی‌یەکان فرۆید ناخوێننەوە، ئەگینا تێگەیشتنیان لە بارەی خواوە زۆر نزیکە لە تێگەیشتنەکەی فرۆید لە بارەی هەمان شتەوە. ئەو وێنەیەی لە بارەی خواوە کە دەڵێن: وەك باوکێك وایە کە منالەکانی خۆی خۆش ئەوێت. ئەمەش بە بیرو ڕای موسڵمانەکان ڕێز نەگرتنە لە یەزدان. بەم شێوەیە دەبینن کە ئیسلام هەرگیز ئازایەتی‌و غیرەتی دینی یەهودی نەبووە کە تا ڕادەیەکیش شاقورلێیە. بەڵام دینی یەهود بەوە ڕۆشن‌و پرشنگدارە کە وێنەی یەزدان دەکات وەك خۆشەویستێکی مرۆڤایەتی کە خۆی دروستی کردووە. لە دێڕە جوانەکانی حەزرەتی عیسادا ئەم ووشانە دەخۆیینینەوە:

- بۆ چی خوا تۆ بانگ ناکات وەکو ژنێك
- ڕۆحێکی غەمبارو بە جێ هێڵراو، هەروەکو ژنێك لە گەنجی‌دا کە فڕێ درابوو.
- خوای تو ووتی.
- بۆ ماوەیەکی کورت تۆم بە جێ هێشت.
- بەڵام بە سۆزێکی گەورەوە ئەتبەمەوە.
- لە کلپەی ڕقدا تۆم شاردەوە لە دەم و چاوی خۆمدا بۆ ماوەیەکی کورت، بەڵام بە سۆزێکی بەزەیی ئامیزی هەمیشەیی‌یەوە ڕەحمت پێ دەکەم، یەزدان: ڕزگارکەری تۆ ئەمەی فەرموو.

بەڵام لە دینی ئیسلامدا خوا خۆی ناخاتە دەربڕینی هەست‌و سۆزی خوشەویستی‌یەك کە شایستە نەبێت، کە ئەمەش خۆی بە پێچەوانەی دینی مەسیحیەتەوەیە.

"ئیسلام دینی دان به خۆداگرتن" ئەمە ناونیشانی چاوپێکەوتنەکەی "ئەندرێ میکلٚ"ە له گۆڤاری "فیگارۆ-مەدام" که له ١٩٩١/٤/١٣ دا ئەنجامی داوه. ئەندرێ میکێل که پرۆفیسۆره له زانکۆی فەڕنسادا لێکۆلینەوەی لەم بواردا هەیەو بەم زوانه پەرتووکەکەی(ئیسلامو شارستانیەتەکەی) بڵاو کراوەتەوه.

# ئیسلامو هاوچەرخیەتی

پەیوەندیە دوولایەنەكەی نێوان ئیسلامو هاوچەرخێتی پڕە لە گیروگرفت. بەهاكانی جیهانی هاوچەرخ كە برێتین لە، گۆڕانكاری، ڕۆحی ڕەخنەگرانە، پەرستنی كەسایەتی خود personality cult كە دژایەتی بناغەكانی ئیسلام دەكەنو لای لاهوتە موسڵمانەكان وەكو كفرێك تەماشا دەكرێن، چونكە ئەوان لەو بڕوایەدان كە لە قورئانو سوننەتو شەریعەتدا هەمووشتێك ووتراوەو پێویست بە گۆڕانكاری هیچ شتێك ناكات.

لای زانا ئیسلامی‌یەكان هیچ نرخێك بۆ ڕۆحی ڕەخنە دانانرێت. لە سەدەی ڕابردوودا "ڕێنان[1]" ئەوەی سەلماندووەكە (ئاینی ئیسلام لە گەڵ زانستی ڕۆحی‌دا لە ناكۆكی دایە). لە بارەی كەسایەتی سەربەخۆ، ئەوا دەبێت لە ناو ئاوازە پەستێنراوەكەی (ألآمە)دا بتوێتەوە. هەندێك لە ڕۆشنبیرە موسڵمانەكان حسابێك بۆ ئەم گیروگرفتانە دەكەن. بۆ نموونە مامۆستای زانكوی تونس(هشام حاتت) نووسیوویەتی: "جیهانی ئیسلام هەرگیز ناتوانێت كە خۆی ڕێك بهێنێتەوە لەگەڵ بەرهەمە تەكنەلۆجیەكانی ڕۆژئاوادا_ هەر بەو شێوەیەی كە ناتوانێت خۆی بگونجێنێت لە گەڵ زانستدا بە هەمان شێوەش لە بەكار هێنانی بەرهەمەكانیشدا بێ توانایە".

---

١– ڕێنان ئیترنێت: (١٨٣٢–١٨٩٢) فەیلەسوفێكی فەرەنسی بەناو بانگە كە لە فەلسەفەی ئیسلام سەدەكانی ناوەراستی كۆڵیوەتەوەو زانیاری‌یەكی باشیشی هەبووە لە بارەی ئاینی مەسیحیەوە

دیاریکردن و شیکردنەوەی نەخۆشییە کە تۆزێك ڕەق و تاڵە، تا کە هیوایەك دەمێنێتەوە ئەوەیی کە لە داهاتوودا ووشەکانی ئەو بە درۆ بخرێنەوە.
لەم چەند ساڵانەی دواییدا مەیل بەرەو هاوچەرخێتی جووڵانەوەیەکی مۆدێرنی هێنایە گۆڕێ لە نێوان موسڵمانەکاندا کە لەوانەیە دووبارە دەربکەوێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ زۆر کارێگەر نین. ئیتر موسڵمانەکان نایانەوێت لە جیهانی ڕۆژئاوا بچن، هەر وەك جایت دەڵێت: "ئەوان تێگەیشتن جیهانی هاوچەرخ ڕۆحی خۆی وون کردووە. بەم شێوەیە موسڵمانەکان، هەر وەك پارتە سەوزەکان، دەگەنە ئەوئەنجامەی کە پێویستە خودی مۆدێرنیزم لە غاو بکرێت". هەروەها جایت دەڵێت: "هاو چەرخێتی دیاریدەیەکی ژەهراویە". ئەم بۆ چوونە دەتوانێت ڕازیمان بکات، بەڵام بە داننان بەو ڕاستییەی کە مۆدێرنیزم دیاریدەیەکە هەرگیز ناتوانرێت ڕەت بکرێتەوە. بێگومان لێرەدا ئیتر پەیوەندی دوولایەنەی نێوان ئیسلام و هاوچەرخێتی تێك دەئاڵۆزێت.

ئەو ئایینانەی کە بەر پەرچی قبوڵ کردنی واقعیەتی چەرخەکەی خۆیان دەدەنەوە، ریسکی لەناوبردنی خۆیان دەکەن، هەر وەك ئەو وێنەگەچیانەی کە لە کاتی لێدانی میترۆی شاری ڕۆمادا دۆزرانەوە بە هۆی هاتنە ژوورەوەی هەوای شێدارەوە. ئەو ئاینانە یان ئەوەتا دەبێت دەست بکەن بە دژایەتییەکی توندو تیژ لە گەڵ جێهانی هاوچەرخ دا و بکەونەوە ژێردەسەڵاتی فەنەتیزم و تەواو کارێکی Infegrismیەوە، یا خود ئەوە کە پێناسەی تەواوەتی پلەو ئاستی پەیوەندی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا بکرێت، هەر وەك ئەو پەیوەندیەی کە ئێستا هەیە...وە لە گەڵ دووربینییەکدا بۆ دوا ئەنجامەکان، ئیسلام بەم ڕێگەیە دەبێت بدۆڕێت بە جیهانی پیشەشازی. لە بەر ئەوەی تا ئێستاکە هەرگیز جیاوازی نێوان توانا ئابوری و جەنگییەکانیان بەراورد ناکرێت، جەنگەکەی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا ئەم

ڕاستی‌یەی بە شێوەیەکی تراژیدیا دەرخست. جگە لەوە، مەگەر تەنها جیهانی هاوچەرخ خۆی لە خۆی‌دا بڕوخێت بە هۆی نەبوونی بەهاکانەوە( But this is an othatory ) کە ئەمەش باسێکی ترە.

# بۆ دینه كه

لاهوتی ئیسلامی له پاش سه‌ده‌كانی هیجره‌وه زۆر پرشنگ داربوو، نموونه‌ی ئه‌م ڕاستی‌یه‌ش فه‌لسه‌فه‌كه‌ی (ئه‌بو سینا)یه، به‌ڵام به‌هاتنی ڕێنیسانس كه له گه‌ڵ خۆی دا بیری هاوچه‌رخێتی هێنایه كایه‌وه بۆ ئه‌وروپا، لاهوتی‌یه‌كانی ئیسلام نه‌یانتوانی داخوازی‌یه دڕندانه‌كانی خۆیان له گه‌ڵ ده‌سكه‌وته زانستی‌یه هاوچه‌رخه‌كاندا بگونجێنن، كه ئه‌مه‌ش به پێچه‌وانه‌ی مه‌سیحیه‌تی مرۆڤـ په‌روه‌ره‌وه‌یه.

تا ئه‌مڕۆیش زۆر زه‌حمه‌تو گرانه‌كه نووسراوه پیرۆزه‌كانی ئیسلام به چاوی شی‌كردنه‌وه‌یه‌كی ڕه‌خنه‌گرانه‌وه بخۆێنین، به‌ڵام مه‌سیحی‌یه‌كان توانیان كه مكانیزمێك به كار بهێنن بۆ ڕه‌خنه گرتن له نووسراوه پیرۆزه‌كان مه‌سیحی‌یه‌كان هه‌ست به‌وه ناكه‌ن كه ئاینه‌كه‌یان ده‌خه‌نه ژێر تاقی كردنه‌وه، كاتێك ئه‌وه ئاشكرا ده‌كه‌ن كه شیعرێك، یا خود ووته‌یه‌ك كه له پێش دا به ووته‌ی عیسا دانراوه هی ئه‌و نی‌یه، به‌لكو له ڕاستی‌دا ووته‌ی یه‌كێك له لایه‌نگرانی عیسایه كه له پاش ئه‌و هاتووه هه‌ر وه‌ها به لێكوڵینه‌وه‌و خوێندنه‌وه‌ی (بناغه‌ی دروست بوون)، جوله‌كه‌كان ئه‌وه‌یان قبوڵ كرد كه دنیا له شه‌ش ڕۆژدا دروست نه‌بووه، به‌ڵكو ئه‌م تیڕوانینه ته‌نها وه‌رگێرانێكی هونه‌ری‌یه.

موسڵمانه‌كان تا ئه‌مڕۆ جورئه‌تی ئه‌وه‌یان نی‌یه كه به شێوه‌یه‌كی واقعی‌و ڕه‌خنه‌گرانه قورئان بخوێننه‌وه، ئه‌وه باسی پێغه‌مبه‌ر هه‌ر نه‌كه‌ین. له زانكۆ ئیسلامی‌یه هاوچه‌رخه‌كاندا (له وانه‌ش زانكۆی به‌ناوبانگی قاهیره ـ الازهر)، له‌وێ گفتوگۆ له سه‌ر ئه‌وه ده‌كه‌ن كه‌پۆله په‌ری چی‌یه؟ و له سه‌ر ئافره‌ت ئه‌دوێن، ئه‌مه له كاتێكدا ئه‌م مشتو مڕو گفتوگۆیه ده‌كه‌ن كه له به‌رده‌م مرۆڤایه‌تی‌دا هه‌موو

ڕۆژێك ئاڵۆزترین گیروگرفتی ژیانو مردن لە سەر گۆی زەوی دروست دەبێت. لە مەش خراپتر، ئەم ترسە لە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەو زاڵ بوونی بەسەر ژیانە ناوخۆییەکەدا بووەتە هۆی ئەوە کە تەسەوفی ئیسلامیەك بخات_هەر چۆنێك بێت ئیسلام سۆفیگەرێتی دەناسێتو لە ناو ئیسلامدا جووڵانەوەیەکی بە هێزی سۆفیگەری تێدایە. سۆفیگەرێتی لە سەدەی حەوتەمدا سەری هەلدا، کە تەنها بایەخ ئەدات بە ژیانە ناوخۆییەکە، وە لە سەدەی نۆهەمدا لەلایەن "حەجاج"و لە سەدەی یازدەدا لە لایەن"غەزالی"یەوە پەرەی پێدرا، بەڵام ئەم گەشە پێدانە دواتر تووشی لاوازی بوو. لە ڕاستیدا هەر چی ڕێبازە دینیەکان هەیە هەموویان لە سۆفیگەری دەترسن، کە چی لە گەڵ ئەو ڕاستیەشدا سۆفیەکانی "ڕێین"و "کاستیل"، یا خود سۆفیەکی وەك "ئێکهارت[1]"و تێرێزا[2]" بوونی خۆیان سەلماندوو خۆیان لە ناو ئاینی مەسیحیدا سەپاند.

---

١- ئیکهارت: سۆفیەکی نەمساوی سەدەکانی ناوەراستە
٢- تێرێزا: ئافرەتێکی سۆفی ئیسپانی سەدەی شانزە هەمە

له ئاینی جولەکەشدا سۆفیی‌یەکانی "قەبالیە"کان (Caballis) خۆیان سەپاند، ئیتر باسی هیندۆسەکان ناکەین کە بەڕێزگرتنێکی زۆر لێیان ڕابەرایەتی دینەکە دەکەن، بەڵام لە ئیسلامدا نە "میسینیۆن" "ڕۆنی گێنون"و "هودگیفیچ" بڕوایان وایەکە ئەبێت مرۆڤـ چاوی خۆی بەرانبەر بەو ئاواتە بنوقێنێت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانێت ئاینێکی ڕۆژهەڵاتی بدۆزیتەوە کە تێیدا سۆفیەتی پەیڕەو نەکرابێت. لە ڕاستی دا ئەم کۆمەڵە سۆفیە رۆژهەڵاتناسانە ئیسلامیان وەك ئەو کۆمەڵە دینیانە دێتە پێش چاو کە لە ڕۆژئاوادا چالاکیان هەیە، کە ئەمانیش ئەشکەنجەکێشی دەستی ئیسلام بوون. لێرەدایە کە ئەتوانین نیشانەی توانایی گۆڕانکاری ئەورووپی دەست نیشان بکەین لە ژێر کاریگەری هیندو جوڵانەوە نهێنی‌یە بەر تەسکەکەی ئەورووپادا.

لە ئەنجامدا دەکرێت ئەو ڕاستی‌یە ئاشکرا بکرێت کە ئیسلام ڕووی لە پاشەڕۆژ نەکردووەو ئاینێکی "بێ پاشەڕۆژ"ە. لای محمد وەحی خودایی ئەو وەحیەیەکە بەبێ "ڕۆحە پیرۆز"ەکەیە، واتە "روح الله". هەر وەك لەمەو پێش ڕوونمان کردەوە، دینی ئیسلام دینێکی ئیشکاتولجیە(Eschatology)، واتە بڕوای بەو جیهانەی‌تر هەیە کە ناتوانرێت لە دەست ڕۆژی حەشر ڕابکرێت. لە ئیسلامدا مێسیانیزمێکی(Messianism)، موسڵمانانە هەیە کە شێوازی "مەهدی" وەرگرتوە. لای موسڵمانەکان "مەهدی" نێردراوی خودایە کە لە کۆتایی هاتنی دنیادا پێویستە بێت بۆ ئەوەی کە تاجی شانامەی "ئیسلامی ڕاستەقینە" بخاتە سەر تەختی پاشایەتی. لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەمان تیڕوانین لە بارەی یەکێك لە سەرۆکە سوودانی‌یەکانەوە کە دژ بە دەسەڵاتی بریتانیا بوو لە ئارادا بوو، کە ئەم سەرۆکە لە لایەن سوپای بریتانیاوە لە ساڵی ١٨٩٨دا لە خورتوم کوژرا. بەڵام لای موسڵمانە شیعەکان ئەو خەیاڵو خرافەیە بڵاوبووەتەوە کە گوایە وا پێویستە کە بە

شێوەی "ئیمامە نهێنی"یەکە لە دوارِۆژی جیهاندا دەربکەوێتەوە. بەڵام بە لابردنی ئەم لە رِێگا لادانە، دینی ئیسلام وا دەر ئەکەوێت کە دینێکی محافزە کارە. هەتا ئیستا هەموو شتێك ووتراوە. ئەوەی کە ماوەتەوە خۆمانی لە گەڵ دا بگونجێنین‌و دووبارەی بکەینەوە، ئەوەیە کە بۆ هەموو ئایین‌و ئایدولوژیەك بە رِادەیەکی دیاریکراو میسینزمMissianism پێویستە بۆ ئەوەی کە لایەنگرانی دینەکە، یان ئایدۆلۆجیەکە نەبن بە کۆیلەی کۆنفۆرمیزم Conformism کە رِابردوو بە نەمری بهێڵنەوە. موسڵمانەکان بەو تێروانینەیان کە پشتی لە ئایندەیە ئاواتی گەرانەوەی خەلیفەکانیان بۆ سەر کورسی حوکمرِانی‌و شوێنە پیرۆزەکانیان.هەیە

# ماڤەکـــــانـــــــــــی مرۆڤـــــــــــــ

هەر لە بەر ئەوە کە مافەکانی مرۆڤـ دەسکەوتی چەرخی سەرهەڵدانی ئەوروپایە، جێگای سەرسوڕمان نی‌یە کە ئیسلام هیچ بایەخێکیان پێ نادات. گەر بێتو رۆشنبیرە موسڵمانەکان ئاراستەیەکی شێوازە ئەوروپی‌یەکە بدەن بە مافی مرۆڤـ، ئەوا دەکەونە دژایەتی‌یەوە لە گەڵ هەموو یاسا گشتی‌یی‌کانی خۆیاندا. پرۆفیسۆر "محمد ئەرە گۆن"لە زانکۆی سۆر بۆن هەمان بۆ چوونی هەیە کە لە یەکێك لەو وتارەکانی دا لە گۆڤاری "مۆند"دا بڵاوی کردووەتەوە. نزیکەی پەنجا ساڵ ئازادی‌یە "بورژوازیی‌یەکان" بە ناوی ئازادی "سوشیالیستی"یەوە باس دەکرێت. ئەمرۆ لە رۆژهەڵاتدا دان بەوەدا دەنێن کە ئەم بنچینەی ئازادی‌یانە شێوازێکی گشتی‌یان هەیە، بەڵام لە باشووردا "مافە ئیسلامی‌یەکان" جێگای "مافەکانی مرۆڤـ"ی گرتووەتەوەو بەرانبەر بە ووشەی "مرۆڤایەتی" ووشەی "الامە" دائەنێن!.

دەربڕێنیکی گشتی بۆ مافەکانی مرۆڤـ هەیە، کە کۆپی دەربڕینە پیرۆزەکەی مافی مرۆڤی شۆڕشی فەڕەنسایە، کە لە لایەن دەوڵەتە ئیسلامی‌یەکانەوە لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پێدانراوە، بەڵام کە بە شێوەیەکی ووردتر سەرنجی ئەدەینێ، ئەبینین ئەم ڕستەیە کە دەڵێت: (پێویستە خەڵك تەنها بەپێی یاساکان دادگایی بکرێت) لە شێوازە عەرەبی‌یەکەی‌دا بەم شێوەیە وەرگێڕدراوە: (پێویستە خەڵك تەنها بەپێی شەریعەت دادگایی بکرێت). فلیمێکی زۆر سەیرە! بەڵام ئایا شەریعەتی ئیسلام هیچ شتێکی هاوبەشی هەیە لە گەڵ ڕۆحی (یاساکان)ی مۆنتسکۆ[(1)] دا.

هەر موسڵمانێك كە لە دینەكەی هەڵبگەڕێتەوە، ئەگەر بە قسە بێت یا خود بە كردەوە، ئەوا پێویستە بانگ بكرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا تەوبە بكات. ئەگەر لەو ماوە دیاریكراوەدا تەوبە نەكات، ئەوا وەك هەڵگەڕاوەیەك لە دین حوكمی مردنی بە سەردا دەدرێتو هەرچی موڵكیشی هەیە دەستی بە سەر دا دەگیرێت ـ خاڵی ٤٣٠٦.

با ئاگاداری ئەو كەسە ڕۆژئاوایانە(بۆ نموونە ڕۆژیە گارودی) بكەین كە فریو دراونو بوونەتە ئیسلام، كە گەڕانەوە لەم سەفەرەدا بە مردن كۆتایی پێ دێت.

هەر موسڵمانێك كە واز لە نوێژ كردن بهێنێت، بانگ دەكرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەست بكاتەوە بە نوێژ كردن، ئەگەر فەرمانی نوێژ كردن بەجێ نەهێنێت، ئەوا حوكمی مردنی بە سەردا دەدرێت. خاڵێ ٣٠٦

هەر موسڵمانێكی باڵغ بوو، نێر بێت یا خود مێ ، ئەگەر سێكسی ناشەرعی بكات، بە شێوەیەكی ئاشكراو بە بەرچاوی خەڵكەوە سزا دەدرێت... ئەگەر ژنی نەهێنا بوو، ئەوا سزا ئەدرێت بە لێدانی سەد قامچیو یەك ساڵ زیندان.

---

١- مونتیكۆ شارڵ: (١٦٨٩-١٧٥٥) یەكیك لە فەیلەسوفەكانی سەردەمی ڕۆشنگەریو نووسراوەكانی كارێكی گەورەیان كردە سەر شۆڕشی بورژوازی گەورەی فەڕەنسا

ئەوانەشی کە زەواجیان کردووە، یا خود ئافرەتە تەلاق دراوەکان سزای مردنیان بە سەردا دەسەپێنرێت، کە شێوەی کوشتنەکەیان بە ئاشکرا لە ناو خەلکدا بەردەباران دەکرێن. بۆ ئافرەتی سك پڕێش، کوشتنەکە بە بەرد یان بە قامچی دوادەخرێت بۆ کاتی پاش منداڵ بوون .خالێ ۳۰۸.

ووتمان کە مەسەلەکەی مەسیح لە گەڵ ئەو ئافرەتەی کە ڕای بواردبوو تا ئێستاش شوێنو کارگەرێتی خۆی وون نەکردووە.

لە پاش ئەم هەموو شتانە ئەوروپی‌یە پێدوفیلەکان (Paedophilia) یا خود (منالبازەکان)، بەردەوامن لە چونیان بۆ مەراکیش. بە پێی شەریعەت گەر دوو گەنج پێکەوە کارێکی سێکسی بکەن، ئەوا سزای مردنیان بە سەردا دەدرێت، بەلاّم نازانم هۆمۆ سێکسوالەکان بەرانبەر ئەم خالە ناڕەزایەتی دەردەبڕن!. هەر گەنجێکی موسڵمان گەر بە ئارزووی خۆی (ئەلکول) بخواتەوەو سەرخۆش ببێت، ئەوا لە کاتی هوشیار بوونەوەی دا بە لێدانی چل قامچی سزا دەدرێت(خالی ۳٤۱).

لە سەر ئەم کۆپلەیە وا پێویست بوو کە پشتی هەندێك لە بەرێوەبەرانی سعودیە بە قامچی شین هەلبگەرایەو خوێنی لێ بتکایە.

یا خود هەر کەسێك بە هۆی فریودانەوە دەست بە سەر شتی کەسێکی‌تر دا بگرێت، ئەوا دزیەکی کردووەو سزاکەی بڕینی دەستی ڕاستی‌یەتی، گەر یەکەم جاری بێت کە دزی بکات. وە ئەگەر گوناهبارەکە ئەم کارەی دووبارە کردەوەو بەردەوام بێت لە دزی کردن ئەوا دەستی چەپی دەبڕن... وەگەر جاری سێ‌هەم دزی بکات، ئەوا قاچی ڕاستی دەبرن(خالی ۳٥۱). ئا بەم جورە دەبینین مرۆڤ بە گوێرەی حوکمەکانی شەریعەت دەکرێت بە قەدە دارێك. ئا ئەمەیە شەریعەت، ئەوا با هەر باسی شایەتی‌یەکان هەر نەکەین، چونکە پێویست بە هیچ ڕونکردنەوەیەك ناکات.

یاسا رەسمی‌یەکانی سعودی، مۆریتانی، پاکستان، سودانو ئێران بەو شێوەیەیە کە باسمان کردن، ئەمە لە حالێکدایە کە موسڵمانە تەقلیدی‌یەکانی وولاتە

ئیسلامیەکان بە چنگو ددان دەجەنگن لە پێناوی ئەوەدا کە هەمان یاسا لە وولاتەکانیان دا بچەسپێنن. ماڤەکانی مرۆڤـ لە لایەن داخوازیەکانی خوایەکی دلڕەقەوە لە شەریعەتدا پێشێل کراوە. لە گەڵ دەولەتە ئیسلامیەکاندا ناتوانرێت ڕیکەوتننامە ی هلسنکی بخرێتە کار بەو شێوەیەی کە لە گەل شورەوی دا کرا.

بڕوام بەوە هەیە کە جیهان مانایەکی بەرزو تایبەتی هەیەو هەست بە هیچ ئارەزویەك ناکا بۆ وەستانەوە بەرانبەر بە پیرۆزیو گەورەیی یەزدان، بەڵام نەمتوانی لەو پێشێلکاریەی کە بەرانبەر ماڤەکانی مرۆڤـ دەکرێت بە تاوانی هەڵگەرانەوە لە ئاینی ئیسلامو سزای مەرگ بە سەریاندا دەدرێت بێ دەنگ بمێنم.

سلمان ڕوشدی نەیتوانی ئەوە ئاشکرا بکات کە ئاتایستە ، ئەویش لە بەر ئەوەی کە لە بنچینە ئیسلامەو لە ژێر دەسەلاتی شەریعەت دایە. بە ڕاستی پەرتووکی(ئایەتە شەیتانیەکان) کتێبیکی ئەنتی ئیسلامی نیە، بەڵکو ئەو تەنها بە ڕەقی لە بارەی سوکێتی ژنەکانی(ئەمینی ڕاستگۆ)وە دەدوێت.بەڵام سلمان ڕوشدی دەبوایە بیزانیبا کە ناتوانرێت یاری بەوجۆرە شتانە بکرێت.

بە پێی بۆ چوونی ئەورووییەکان، ئەو فتوایەی کە "ئیمام خومەینی" لە دژی سلمان ڕوشدی دەری کردووە، کە تێیدا سزای مەرگ بە سەر ئەودا دراوە فتوایەکی ناحەقە. ئەو سزایەش لە لایەن شەریعەتەوە پاکانەی بۆ کراوە.

لە قورئان دا ئایەتی وا ئەبینین کە بنکەیەکی یاسایی ئەداتە دەست "ئەهلی کیتاب" کە بریتین لە مەسیحیو جولەکە، بەڵام مەسیحەکانو جولەکەکان لە پلەیەکی نزمتر دا دانراون لە چاو موسڵمانە ڕاستەقینەکان. هەر ئەوانن کە خراونەتە ژێر باجێکی زۆرەوەو لە هەمو لایەکەوە لە باسو کێشەکانی کۆمەڵ دوور خراونەتەوە. لە دادگا دا شایەتی ئەوان بە نیو شایەت حساب دەکرێت بە بەراورد لە گەڵ شایەتێکی موسڵمانی پیاودا!. لە بارەی بتپەرستەکانیشەوە لە شەریعەتی ئیسلام دا هیچ شوێنێکی دەستوریان بۆ دیاری نەکراوە، تەنها لە ناوبردنیان نەبێ.

هەموو دینەکان سەردەمێك ناعدالەتیان بە خۆیانەوە بینیووەو سەردەمێکیش زڵمو زۆریشیان تێپەر کردووە. بەڵام ئەمرۆ زۆربەی زۆریان، تەنانەت کەنیسەی کاتۆلیکیش پاش کۆبوونەوەی "ڤاتیکانی دووهەم"، بە گشتی وازیان لە خراپەکاریو زوڵم هێناوە، تەنها ئیسلام نەبێت.

زۆربەی وولاتانی ئیسلامی بە پیێ شەریعەت کار ناکەن، جگە لەوەش زۆر موسڵمان هەن کە بە گەرمو گوڕی دوای دینەکەیان نەکەوتوون، بەڵام کوانێ ئەو زاناو یاساناسو ڕۆشنبیرەی کەوا بتوانێت دان بەو ڕاستییە دا بنێت کە شەریعەت لە بارو دۆخێکی بەربەری زۆر جیاواز دا هاتووەتە کایەوە کە ئیستاکە ئەو بارو دووخە بە سەر چووە. یا خود ئایا ئەتوانێت دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە پێویستە سەر لە نویێ قورئان ڕاڤە(تەفسیر) بکرێتەوەو یاساکانی ئیسلامی بەشێوەیەك بنیاد بنرێتەوە کە لە گەڵ داخوازییەکانی جیهانی تازە دا بگونجێت؟ هەرچونێك بێت تەفسیرێکی نوێی قورئان لە بواری لاهوتی دا شتێکە کە ئیمکانی هەیە. بەڵام بێدەنگ بوونی یاسا ناسەکان ئەبێتە هۆی هاوڕاییان لە گەڵ پارێزگارترین فوندەمنتالیستەکان دا ئەگەر بەم شێوەیە لە گەڵ ناموسڵمانە دڵ پاکەکان ڕەفتار بکەین، ئەوا بۆ موسڵمانەکە گەر هەوڵ بدرێت واز لە دینەکەی خۆی بهێنی ژیانی دەخاتە گێژاوەوە، یا خود ئەوەی کە ئافرەتێکی موسڵمان بۆی هەبی شو بە ناموسڵمانێك بکات. هاوڕاییو بێدەنگی زاناکانی ئیسلامو فوندەمنتالیستەکان بەو مەبەستەیە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان وەك خۆیان بهێڵنەوە. ئەم ئامانجەش لە عەرەبستانی سعودی دا هەیە. هەموو باوڕدارەکانی دینە جیاوازەکان ئەتوانن سەر لە شوێنە پیرۆزە دینیەکانیتر بدەن، تەنها لە شوێنە پیرۆزە ئیسلامیەکاندا ڕێگایان پیێ نادرێت. هەر گەشتێك دەتوانێت بە ئازادی سەردانی ڕۆمو ئورشەلیمو بینارسیێو هاسا بدات، بەڵام گەر ناموسڵمانێك بێت ئەوا سەردانی مەککەی لیێ قەدەغە دەکرێت. هیچ کەسێك نیە کە نارەزایەتی لە بەرانبەر ئەم خالە دەربڕێت

كه پێشێل كردنێكی ئاشكرای دەستوری مافەكانی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكانە كه مافی هەموو كەسێك ئەدات بە سەربەستی بۆ هەر جێیەك كە پێ‌ی خۆش بێت سەفەر بكات. لەمەش خراپتر، یادكردنەوەی هەموو موناسەبەتێكی پیرۆزی ناموسڵمانی لە سعودیە دا قەدەغەیە!. لە حاڵێك دا ئەم وولاتە بەدەویە دەوڵەمەندە، بێگانەیەكی زۆر تیایدا كار دەكەن كە مەسیحین، بۆ ئەم خەلكە قەدەغەیە شوێنێكی تایبەتی بۆ بە جێ‌هێنانی فەرمانە ئاینی‌یەكانی خۆیان دروست بكەن، كە چی هیچ كەسێك ناڕەزایەتی بەرانبەر بە شكاندنی دەستوری نەتەوە یەكگرتووەكان دەرنابرێت كە تیایدا ئازادی دەدات بە بەجێهێنانی‌خواپەرەستی‌و فەرمانە ئاینی‌یەكان.

لە كاتێكدا لە یەكێك لە كۆنفرانسەكانی ئیسلام–مەسیحی دا، كە بەم زووانە لە "سێیلۆن" گیرا، ئەو پرسیارە خرایە بەردەم نوێنەرانی سعودیە، كە چی ئەوان ئەو بەهانەیان هێنایەوە كە گوایە لە ڤەتیكاندا مزگەوت نی‌یە. پاكانەو بەهانەكەیان زۆر نابەجێ‌یە، مەبەستیشمان لەوەیەكە ڤەتیكان وولاتێكی ڕەمزی‌یەو ڕووبەرێكی زۆر بچووكی هەیە، كە هەركەسێك بیەوێت بە سەر بەستی‌و بە بێ هیچ قەیدو بەندێك دەتوانێت سەردانی بكات. دەتوانین ئەوەش بڵێین كە ئەگەر لە نیو ئەو پاسەوانە سویسریانەی كە پاسەوانی لە ڤەتیكان دەكەن موسڵمانێك هەبوایە، ئەوا شوێنی دیاریكراوی خۆی ئەبووبۆ ئەوەی نوێژ بكات و فەرمانە دینی‌یەكانی خۆی بەجێبهێنێت.

دەبوایە چاوەڕوانی جەنگەكەی كەنداوو گەیشتنی هێزەكانی رۆژئاوامان بكردایە بۆ سعودیە، بۆئەوەی ببین بە بینەری شانۆگەریەكی نمایش نەكراو،بینیمان چۆن پیاوە پیرۆزە ئایینی‌یەكانی(كاتۆلیك وپرۆتستانت) " قوربانی‌یە پیرۆز"ەكە لەوولاتی وەهابی‌یەكاندا بەجێ ئەهێنن. ئا بەم شێوەیە ئەوشتەی كە چەند سەدساڵ قبوڵ نەدەكرا، ئێستا بەهۆی‌كاریگەری زەرورەتەوە گسكی لێ‌درا.

هەرچەندە بەهانەی هاتنە ژوورەوەی دیموکراتخوازەکان بۆ ناو خاکی سعودیە بەهۆی پەلامارو دڕندەیەتی عێراقەوە بوو، بەڵام ئەم وولآتە بە بێگانەترین وولآت ئەمێنێتەوە لەبەرانبەر مافی مرۆڤــ و دەستورەکانی‌نەتەوەیەکگرتووکاندا. بەناوی پاراستنی مەزارگای پێغەمبەرەوە، لێرە دیموکراتی پێشێل دەکرێت. ئەم ولآتە بەهۆی زۆر بوونی دۆلارە بەدەست هێنراوەکەیەوە لەدەرهێنانی نەوتدا، یارمەتی(ماددی) شەڕەنگێزترین رێکخراوە فۆندەمێنتالیستە جیهانی‌یەکان ئەدات، کەیەکێك لەوانە بەرەی رزگاری ئیسلامی جەزائیری‌یە.

بەشێوەیەکی گشتی ئیسلام لەڕێگای ئەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەکەمایەتی‌یە ناموسڵمانەکان لەناو خۆی خۆیدا پاك بکاتەوە. دوای جولەکەکان، مەسیحی‌یەکان هەوڵی دۆزینەوەی رێگایەك ئەدەن بۆ ئەوەی وولآتە ئیسلامیەکان بەجێ بهێڵن. قیبتیەکان لە میسر، مارۆنیەکان لەلوبنان، مێلکیەکان لە سوریا، ئەرمەنیەکان لەولآتانی ئیسلامی تردا لەبیری ئەوەدان کە وولآتەکانیان بەجێ بهێڵن. هەرچەندە کە پێکەوە ژیانی عەرەب_ مەسیحی دەوڵەمەندیەکە بۆ رۆژهەلآتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەلایەنە رۆشنبیری‌یەکەدا، بۆ نموونە ئەوە مەسیحیەکان بوون کە بیریان لە عەرەبچێتی کردووەتەوە، بەلآم موسڵمانەکان دەیانەوێت تەنها لە خانووەکەی خۆیاندا بمێننەوە، چونکە موسڵمانەکان جیهان دابەش دەکەن بۆ چەند خانوویەك.

بۆچی ئیسلام جیهان لە چەند خانوویەکی جیاکراوەدا دەبینێتەوە؟ خانووی ئیسلام (دارالاسلام) گشت وولآتەئیسلامیەکان دەگرێتە خۆی. خانووی رێککەوتن(دارالصلح) ئەو وولآتە ئیسلامیانە دەگرێتەوە کەناچار کراوون بۆ پێکهێنانی رێککەوتننامەکان. خانووی شەڕ(دارالحرب) مانایەکی سادەتر بەبەشەکەی جیهان دەبەخشێت. لەبەر ئەوە کە لە قورئاندا شەڕ بەشێوازێکی تری ئاسایی دا دەنرێت بۆ پەیوەندی کردن و تێکەلآوبوون لەنێوان باوەڕدارەکان و هەلگەڕاوەکان لە ئایینی ئیسلام. بێگومان لەلایەنە پراکتیکی‌یەکەدا هەرگیز

وانەبووە، هەمیشە پەیوەندیەك هەبووە لە نێوان وولآتە ئیسلامیەكان و وولآتە نائیسلامیی‌یەكاندا، بەلآم لاهوتی ئیسلام گوێی خۆی لەم ڕاستی‌یە كەڕ كردووە.
بێگومان " جەنگی پیرۆز" وەك دەربڕینێك ڕەگ و ڕیشیەكی ئیسلامی هەیە. ئاسایی‌یە كە رۆژهەلآتناسەكان ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە كە جیهان لە راستیدا ململانێ وزۆرانبازی یەدژ بە خراپە كاری.خەتیبی مزگەوتەكەی پاریس ئازایەتی‌یەكی گەورەی نواند كە بەشێوازێكی تازە شتە تەقلیدیەكەی شی كردەوەو بەوشێوەیەی پێویست بوو لەسەری رۆیشت، وەهەروەها چووە سەرباسی هەندیك شتی تر كە پەیوەندیان بە زنجیرەیەك پرسیاری دیكەوە هەیە و دووپاتی ئەوەشی‌كردەوەكە:( هیچ جەنگێك پیرۆز نی‌یە،بەلآم لەهەمان كاتدا سەددام حسینی سەرۆكی عێراق، كە بەكەسێكی مۆدێرینیزم دەژمێدرێت، توانی كە لایەنگرانێكی زۆر لەناوەندە ئیسلامی‌یەكاندا بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، هەر لەپاكستانەوە تاكو جەزائیر ئەویش بەهاندان و بزواندنی هەستیان بۆ(( جەنگە پیرۆزەكە)) بە مەبەست و ئامانجی گەڕانەوەی شوێنە پیرۆزەكانی سعودیە، كە بەهۆی رۆژئاواییی‌یەكانەوە پیس بووبوون.
نهێنی بایەخ نەدان و گوێ نەدانی ئیسلام بە مافەكانی مرۆڤ دیاردەیەكی لاهوتی‌یە. بۆ تێگەیشتن لەو نهێنی‌یە دەبێت لەناو ئەو ریكخستنە سەرەتایەیەدا بگەڕێین كە بۆ باوەڕدارەكان نووسراوەتەوەو بووە بە بناغەی ژیانە رۆحیەكەیش. هەر ئەم رێكخستنەیە كە ناونیشانی خۆی ئەدات بەدینەكە كە سەنتەرەكەی قورئانە. لێرەدا مەبەست لە(( سەرشۆڕكردن)) یاخود(( سەردانەواندن))ە، كە ئیسلامیش واتە سەردانەواندن و سوجدەبردن،.. بێگومان سەردانەواندن بۆ خوا، بەلآم ئەم سەردانەواندنە چۆن كاردانەوەی خۆی نابێت لەسەر خوڕەوشت و رەفتاری گشتی موسلّمانەكان؟

لای موسڵمانەکان هەرشتێ کە ڕوودەدات بە فەرمانی خودایەو لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە دینی ئیسلام دینێکی هەڵگەڕاوەو دژ بەستەم نی‌یەو لەناوەندی کۆمەڵایەتی نا یەکساندا هەرا دروستکەر نی‌یە. پێغەمبەرەکانی جولەکە سەرەتا بیریان لەوە کردەوە کە بەڕووی ستەمدا هەڵبگەڕێنەوەوناڕەزایەتی دەرببڕن بەرانبەر بەو شتانەی کە لەپێشدا بڕیار دراون( قەزاو وقەدەر) و لەلای جولەکەکان پەیڕەو دەکرێت. حەزرەتی یوسف کە خوا بە هۆ رەفتاری پۆخڵەواتی‌یەوە تاوانبار دەکات، پێش ئەلبێرکامۆ کەوتووە.یوسف هەستی بە خۆڕانەگری دەکرد بەرانبەر بە مردنی منداڵێك، ئەمەش بوو بووە هۆی ناڕەزایەتی ئەو بەرانبەر بەفەرمانی مردنی ئەو منداڵە لەلایەن خواوە، ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە حەزرەتی یوسف موسڵمان نەبوو.



*سەبارەت کار بە گشتی*

*و*

بەریوە بردنی زەوی بە تایبەتی

داگیرکردنەئیسلامیەکان بریتی‌یە لەئەنجامێکی کت و پڕی یەکگرتنی دانیشتوانی شارو کۆچەرەکان لەژێر رابەرایەتی شاری‌یەکان. ئەم پەیوەندیە سەرەتایی‌یە نەبووە هۆی ئەوە کە کار ببێتە شتێکی میهرەبان و پیرۆز لەناو ئیسلامدا. کۆچەرەکان هەرگیز زەویان نەکێڵاوەو زۆربەی دانیشتوانە بەناوبانگ و خانەدارەکان، هەروەك خودی پێغەمبەر، بازرگان بوون و بەم هۆیەشەوە بازرگانی لەقورئاندا شتێکی پیرۆزو ڕێزلێگیراوە، بەڵام کاری کشت و کاڵی . لەمێرگەکانی حیجاز تەنها کۆیلەکان بەجێیان هێناوە.(کاڤیێ دۆپلانۆلێ) لەپەڕتووکی ( بناغە جوگرافی‌یەکانی مێژووی ئیسلامی)دا دەڵێت: ( لە ووتەکانی محەمەدا زۆر بەئاسانی

دەتوانین ڕێزنەگرتن وکینەیان  بەرانبەر بەکاری کشت وکاڵی تێدا ببینینەوە) کەچی بەپێچەوانەوە جیهانی مەسیحیەت جیهانێکی کشت وکاڵیە. عیسا لەبارەی ترێ بڕو چێنەری مێو پەستاندنی زەیتوونەوە دەدوێت، هەروەها لەبارەی جوتیارەوە ئەدوێت وئەوانەی کەئەتوانن وئەزانن باش زەوییەکانیان بکێڵن و بیچێنن، وەك بەڕێوەبەرێکی باش باسیان دەکات، بەڵام لەقورئاندا شتی وانییە. لەقورئاندا زیاد کردنی بەرهەم نەدراوەتە پاڵ بەرهەمی تێکۆشانی مرۆڤـ، بەڵکو بەدەربڕینێکی زۆر سادە دراوەتە پاڵ دەسەلاتی خودا. بەپێی حەدیسێکی بەناوبانگی محەمەد، کاتێك گاسنێك دەبینێت، دەفەرمێت:( ئەگەر ئەمە بچێتە ماڵی هەر ئیمان دارێکەوە، ئەوا لەگەڵ خۆیدا خێرو بەرەکەت ناهێڵێت). پاش ئەمە، شارە ئیسلامیەکان بیریان لەوە کردەوە کەدەوری شارەکانیان بکەن بە باخچە، هەروەك ئەندەلوس، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەردەوام بوون لەکڕینی خواردەمەنییە سەرەکییەکان لە لادێکانی نزیك شارەکانەوە.

ئیمانداری راستەقینە، ئیمانداری نموونەییە لەکاری بازرگانی و بازاڕی عەرەبی دا، بەڵام لەبازاڕی جیهانی یاخود ئێرانیدا فەرمانبەرێکی بچووکە. ئەو بازرگانەی کەدانیشتویەکی شارە لە خانوویەکی بێ پەنجەرەی ڕووڵەجادەدا ئەژی و پاك و خاوێنییەسوونەتیەکەی خۆی بەجێ ئەهێنێ، لە هەینی دا دەچێت بۆ مزگەوت و دژداشەیەکی سپی تەواو پاك لەبەر ئەکات، خۆی  لەو خواردن و کارە سێکسییانەی کە قەدەغەکراون دووردەخاتەوە.. بەڵام کۆچەرەکە(یاخود بەدەوییەکە) خۆی پاك ناکاتەوەو بەشێوەیەکی رێك وپێك  ناچێت بۆ خوا پەرستن، و هەرشتێکی بەردەست بکەوێت دەیخوات، کەچی ئەویش بەموسڵمانێکی راستەقینە دەژمێردرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی سەربازێکی جەنگە پیرۆزەکەیە. ئەو دانیشتوانەی کەنزیکن لە بازاڕەوە، ئەو کۆچەرانەی کە لەبیابانە رەق وتەقەکەدا

ئەژین تەنها مافی ئەوەیان هەیە کەناوە رێزدارو بەنرخەکەیان(عەرەب) لێ بێنین، بەلاّم لادێییەکان شایانی ئەو ناو لێنانە نین.

کاتێ زانای جوگرافی (جاك ڤیولیترس) نووسیویەتی: ( یەکەم پرسیار کە لەم بەشەی گۆی زەوی دا لەمرۆڤ دەکرێت ئەمەیە کە ئایا تۆ عەرەبیت یاخود جوتیاریت؟ ). هیچ شتێك نی‌یە کە بە ئەندازەی ئەم پرسیارە کورت و سادەیە بەباشی ئەوە روون بکاتەوە کە لەراستی دا لادێ لە(دارالاسلام)دا کراوەتە دەرەوە. موسڵمانەکان هەتا ئێستاش رزگاریان نەبووە لە کینەو بێزاری بەرانبەر بەزەوی وکاری کشت وکاڵی. ئەم بارو دۆخەش خۆی لەو راستیەدا دەبینێتەوە کە گوایە لادێییەکان لەپێش هەر شتێك دا بێ ئیمانن، هەروەکو قیبتی‌یەکانی میسر. لە تێڕوانینی ئیسلامدا، گاسن شەرمەزاری و سوکێتی دەهێنێ لەگەڵ خۆیدا. وێنەی دادوەرانەکەی ( کسافیێ دۆپلانۆڵ) شتێکی ڕوونە لەو بارەیەوە کەدەڵێت: ( لەسەر زەوی‌یە ئیسلامی‌یەکانداخراپەکاری زوڵمی خۆی دەکات، وە وێنە غەمبارەکەی کۆمەڵە کشت وکاڵی‌یەکە. بە بی بایەخی‌و بە فەراموشی سپێردراوەو سزا دراوە. وەرگیراو لەپەڕتووکی بنچینە جوگرافیەکانی مێژووی ئیسلام). چۆن ئەکرێت بێ دەنگ ببین لەبەرانبەر ئەو نەهامەتی‌یە کشت وکاڵی‌یەی ئیسلام دا لەکاتێکدا کە ئەبینین مەسیحیەتی لاتینی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گەیشتە ئەو سەرکەوتنە کشت وکاڵی‌یەی کەبووە بناغەیەکی ژیری بۆ شارستانیەت‌و توانی بەسەر بەربەریەتدا زاڵ ببێت، کە ئەم پرۆسەیەش لەلادێ وە دەستی پێکردووەو ئەم شارستانیەتە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. جگە لەو چەند دەستکەوتە هەست پێکراوەی کەبەدەست هێنراوە لەبواری کشت وکاڵی دا ( بۆنموونە لە مەغریب،ئەویش سوپایە بۆ بەربەریەکان)، چۆن ئەتوانین دووپاتی ئەوە بکەینەوە کەئەو بەلاّو خراپەکاری‌یەی کەبەردەوام وبەشێوەیەکی گشتی زوڵمی خۆی دەکات لەسەر زەوی ئیسلامی‌یەکاندا گۆڕانی بەسەر هاتووە؟ تەنها ئاودێریەك هەیە زۆربەی کات پشتی بەکاری دەستی

بەستووە، ئەویش بەچاوێکی خراپ لە (دارالاسلام) دا سەیر دەکرێت. واپێویست بوو کە کاری دەستی لە بازاڕ داببڕێت تا ئێستاش هەر ئەڵێن _ دیمەشقی) کە لە ووشەی (دیمەشق) ەوە هاتووە..ئیشی دەستی یەکێکە لە چالاکیەکانی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی ڕێگە ئەدات بەژیان لەناو شاردا، کە ئەویش لە بوارێکی تەسکدا بەستراوەتەوە بە بازرگانی‌یەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە کاری دەستی بەنرخ وڕێزدارەو لەیەك ئاستدا لەگەڵ رامیاری و جەنگدا سەیردەکرێت بەپێچەوانەی زۆربەی کۆمەڵگا تەقلیدی‌یەکانەوە، لەلای ئیسلام شتە نموونەیی‌یەکە.بریتی‌یە لەهەموو شتێك جگە لەکاری دەستی.

لای هیندۆسەکان، براهمین Brahmin بەهەمان شێوە کاری نەئەکرد. لەبەر ئەوە پێویست بوو کە مەسیحیەت بێت بۆ ئەوەی کە ڕێگا راستەکەی قەشە ( بێندیکست) بگرێتە بەر بۆ ئەوەی بەهایەکی تازە بداتەوە بەکاری دەستی، هەروەك خۆی لەم بارەیەوە دەفەرمووێت: ( قەشە بەدەستەکانی خۆی کار دەکات) بێگومان یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی ئیسلام ئەوەیە لەکاتێکدا بێ دوو دڵی خۆی لەنەریتە ڕۆشنبیری‌یەکان دادەبڕێت کە هەتاکو سەردەمی ئیسلامەتی هەبووە، کەچی لەهەمان کاتدا بەردەوامەو زیاد لەڕادەی خۆی ڕێزی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بەسەرچووانە دەگرێت. لەکاتێکدا کە ئەمڕۆیش باسی ئامێر دێتە گۆڕێ، ئیسلام ڕای خۆی نەگۆڕیووە. ( ژان فرانسیس هێڵ) زۆر ژیرانە تێبینی ئەوە دەکات کە : ( موسڵمانەکان واز لە رۆژئاوایی‌یەکان دەهێنن بۆ ئەوەی خۆیان نەوتەکەیان دەربهێنن، لە کانێکدا خۆیان بە لێخوڕینی تانك و فڕۆکە دڵخۆش ئەکەن و ئارەزووەکانی خۆیان تێر دەکەن، کە ئەو تانك و فڕۆکانە لەلایەن ئەمریکیەکان، رووسەکان و فەرەنسییەکانەوە دروست کراوون)١ . نووسەری بەناوبانگ ( ڤ.س.نایپۆل) کە بەڕەچەڵەك ئیسلامی‌یە لەپەڕتووکەکەی (تاریك بوونی ئیسلام)دا جەختی‌لەسەر هەمان شت کردووەتەوە. ئەم دەربڕینانەش نابێت ببێتە هۆی

سەرسوڕمان. هاوچەرخێتی تایبەتمەندیی‌یەکی یەك پارچە نی‌یە. ئەو دەستانە ناتوانن ئامێر دروست بکەن، چونکە ئەو مێشکانەی کە تێرکراون بە ئەرکاییزم Archism لەتواناییاندا نی‌یە کە نەخشەی دروستکردنی ئەو ئامێرانەبکێشێت. دەستکەوتی کەلتوری نویٚ بەهەرمی پیشەسازی ئەهێنێتە کایەوە. لە ئەوروپادا شۆڕشی پیشەسازی هاتە کایەوە نەك لە چین دا، ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکی کەلتوری‌یەوە کەبەستراوە بە تایبەتمەندیەتی بواری گۆڕان و پەیوەندی‌یە سایکۆلۆجی‌یەکانی(کار)ەوە، کەسەلمێندراوە ئەو هۆکارانە گرنگترە لەهۆکارە پێشەکی‌یە ئابووری‌یەکان، چونکە لە ڕاستی‌دا چین ئەوەندەی ئەوروپا دەوڵەمەندە لەبوارە سروشتی‌یەکەدا.

بیٚ مەیلی بەرانبەر بەوەی کەکار دەسەلاٚتی خۆی بسەپێنێت، کاردەکاتە سەر پەرەسەندن و گەشەکردنی ناوچەکەش. موسڵمانە بەنگلادیشیەکان وا خۆیان پیٚ ناساندووین کە زۆر بیٚ شەنصن. لە ڕاستی دا بەنگلادیشی‌یەکان لەهەردوو قەراغە پان و پۆڕەکەی هەردوو ڕووباری _ گانگ و براماپتۆر _ کۆبوونەتەوەو تیایدا نیشتەجیٚ بوون و هەمیشە ڕووبەڕووی ڕەشەباو لافاو دەبنەوە، یەلاٚم سەرزەمینی وولاٚتێکی تریش هەیە کەتووشی هەمان

---

١- گۆڤاری ( ئیڤتیمان دۆژیۆری) ئەیلولی ١٩٩٠

ناڕەحەتی و بەلاٚ دەبێت و سەرەڕای ئەمە ساردیشە. هۆلاٚند لەگەڵ پانێتی ڕێڕەوی دوو ڕووبارە گەورەکەی _ ڕێن و ماس _دا درێژ دەبێتەوە کەلەوێش ڕەشەباو لافاو بەهەمان شێوە هەیە، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێك تا ئەم ساتە بیری نایەت کە هۆڵەندی‌یەکان بەرانبەر بەو بەلاٚیانە داخێکیان هەڵڕشتبێت. بۆیە دەکرێت

سوپاسی کارو ژیری هۆڵندیەکان بکەین. هەر ئەوان بوون ئەو زەوییە چاڵەی خۆیان گۆڕی بۆ یەکێك لەولاٌتە پێشکەوتووەکانی سەر گۆی زەوی. با بیهێنینەوە بەرچاوی خۆمان، بەلێدانی دارێکی سیحراوی هۆڵندییەکان شوێنی بەنگلادیشییەکان بگرنەوە، بەلاٌم یەکسەر دەبینین کەزێراب و بەنداو وپردو ئاشە هەوایەکان یەك بەدووای یەکدا دەردەکەون.

# سەبارەت بە ژنان

پەیوەندی نێوان ژن و پیاو پیوانەی هەموو شارستانیەتێکە. بەتایبەتی لە فەرەنسادا ئەمەندە ڕاهاتوین لەسەر ئەوەی کە چاودێری ئەم دیمەنە هەمیشە تازە بووەوەیە بکەین، ئیتر بەم پیّیە لامان گرانە دیاری بکەین تا چ ڕادەیەك تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ئەم پەیوەندیانە بەشێکی بنەڕەتی کەلتوری ڕۆژئاوایە. سیفەتی ووشەی (کۆمەڵایەتی) هەموو ڕووەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە.سیفەتیی ووشەی( تایبەت)، واتە هەموو ئەو پەیوەندیانەی ژن و پیاو کە لە بارو دۆخە نهێنییەکەی ماڵەوەدا داخراون.

لەناو هەموو کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا پەیوەندی نێوان ژن و پیاو پەیوەندییەکی بێ خۆشەویستییە. کۆمەڵگا تەقلیدییەکان هاوڕێیەتی پیاو بە پیرۆزو میهرەبان دائەنێن و لای ئەوان خۆشەویستی بەرانبەر بە ئافرەت نییە، ئەگەر چیرۆکەکانی وەك (هەزارو یەك شەو)ی لێ فەرامۆش بکەین. چۆن دەکرێت ژن و پیاو بەسترابنەوە بەو عادات و تەقالیدەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو هەست و سۆزە سەیرەیان هەبێت بەرانبەر یەکتری؟

لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، هەروەك لەهەندێ وڵاتی نا ئیسلامی دا باوە، ژن هێنان و شوکردن لەتەمەنێکی زوودا شتێکی ئاساییە. کاتێك کە پیاوێکی سی ساڵە کیژۆڵەیەکی بچووك و کەم تەمەن دەخوازێت، ئەمە هیچ مانایەکی نییە جگە لەکڕینی خزمەتکارێك بۆ خۆی، یان بە پێچەوانە شەوە بۆ ئافرەتێکی پێگەیشتوو، ئەمە یەکگرتنە لەنێوان دوو لایەنی نایەکساندا. سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا ئافرەتی کرد بەدەسەڵاتدار کەشایانی ڕێز و بایەخە. ئەو سەردەمە ئافرەتی

ئەوروپی لەسەرو مێزەکەوە دانا کە ئەو کات خزمەتی لەبەر دەستدا ئەکرد، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا دەکرێت دان بەم ڕاستی‌یەشدا بنێن کە کە تەنها لەسەدەی هەڤدەهەمەوە و لەکاتێکدا شوکردن وژن هێنانی ئەوروپی لەتەمەنێکی درەنگ تردا هاتە کایەوە، ئەوجا بەڕاستی ئیتر ئافرەت چووە سەر شانۆکە. خزمەتکارە دەم هارەکانی مۆلێر ئافرەتە قەیرەکان بوون کە هەتا ئەو کات شویان نەکردبوو. باسی ئازادی ئافرەت لە هەلّبژاردنی هاوسەر لەزۆربەی زۆری شانۆگەری‌یەکانی(دوژمن) دا رەنگی داوەتەوە. لەسەر ئەو ڕێگا دوورو درێژەی کە رۆژئاوا دەبوایە بیبڕێت بۆ ئەوەی بگاتە مەنزلّگای یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا، دانەبڕین و جیانەکردنەوەی ئافرەت بووە لەژیانە گشتی‌یە کۆمەلاّیەتی‌یەکە، کە ئەمەش بوو بە بەردی بناغەیی شارستانیەتی رۆژئاوا. بێگومان ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارەکان بۆ ڕزگار بوون لە دیلێتی، هەروەها هۆیەکیش بوو بۆ سەرکەوتنە گومان لیّنەکراوەکەی شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر شارەکانی سەردەمەکۆنەکاندا، بەبیّ هاوبەشی کردن و بەشداری کردنی هەردوو پۆلّەکە لە ژیانی کۆمەلاّیەتی دادینامیکیەتی کۆمەلّ لاواز دەبێت،و ئەمە ڕاستی‌یەکە کەپێویستی بەسەلماندن نی‌یە. هەردوو ڕەگەزی پیاو ژن دووشتی پێویستن بۆ ئەوەی کۆمەلّگا بخەنەژێر کاروتێکۆشانێکی فراوانەوە. دەتوانیین بهێنینە بەرچاوی خۆمان کە تێك شکاندنی کۆمەلاّیەتی لەچ ڕادەیەکدایە لەکاتێکدا ئەگەر بەکەللە ڕەقانە کۆمەلّ بەردەوام بێت لە خۆ دابڕین لە ژێرێتی ئافرەت لەبواری کاروباری کۆمەلّدا. ئەم وێنەیەش هەمان وێنەیە کە کۆمەلّگای ئیسلامی دارایەتی. ئیسلام، واوەتر لەهەر شارستانیەتێکی تر ئافرەتی لە کۆمەلّگا دابڕیووە. محەمەد لەیەکێك لە فەرموودە پیرۆزەکانی دا کە نزیك بەشاری مەککە لەسالّی(٦٣٢)زاینی دا ووتویەتی، ئافرەت لەگەلّ دیلەکانی جەنگ دا بەراورد دەکات، وە ئەفەرموێت کە باشتر وایە کرداریان بەباشی لەگەلّدا بکرێت هەروەك یاسا بە پێویستی دائەنێت کە لەکاتی جەنگدا پێویستە بایەخێکی ڕێك وپێك بدەن

بەدیلەکان.واتە ژنە موسڵمانەکان بریتین لە( دیلی جەنگ). فەرمودەکەی محەمەد لەبایوگرافی پێغەمبەردا نووسراوەتەوە کە دەڵێت: ( شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی ئافرەت ماڵی مێردەکەیەتی، یاخود ماڵی باوکێتی کە ناتوانێت لێی بێتە دەرەوە تەنها بەدەگمەن نەبێت، ئەویش لەژێر چاودێری کردنێکی توند و تیژدا). تەنها لەمزگەوتدا ئافرەت دەتوانێت بەرەڵڵا بکرێت. ژنێکی دەرکراو لەلایەن مێردەکەیەوە، پێویستە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی خۆی، وەبەپێی شەریعەت پیاو ئەتوانێت ژنەکەی، یاخود ژنەکانی دەربکات هەرکاتێك کە ئارەزوو بکات.

بەندکردنی ئافرەت کارێکی گرانە لای جوتیارەکان، بەڵام هەروەك لە پێشەوەش ئاشکرامان کردتا ڕادەیەکی دیاریکراو لادێییەکان بە ئیسلام ناژمێردرێن.هەروەها لای کۆچەرەکانیش بەهەمان شێوەیە، گەرچی ئەوان بەموسڵمانی ڕاستەقینە حیساب دەکرێن وسەربازی جەنگە پیرۆزەکەن. لەشارەکاندا ئەم دیل کردنەی ئافرەت بەتەواوی ئەنجام دەدرێت.

لەجەزائیردا کەوا باری ئافرەتان بەڕادەیەکی هەست پێکرا خراپتر بوو لەپاش رزگاری نیشتمانییەوە، لەدوای کاتژمێری شەشی ئێوارەوە کەفەرمانگەکان دائەخرێن، ئیتر کاتژمێری ( پیاوسالارە ریشەدارە) کەدەست دەکات بەسوڕان و کارکردن.

هەر لەهەمان باروشێوەدا موسڵمانەکان شێوازێکی سێکسی دیاری ئەکەن کەلەقورئان و سوننەو شەریعەتدا تەنها لەبارەی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاوانەوە ئەدوێن. سێکسی ئافرت بەشتێکی ترسناك لەقەڵەم ئەدرێت بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی. (سلێمان زێگهێروا) لەپەڕتووکە بەتواناکەیدا کەبەناوی(پەچەو شیعار)ەوەیە زەنگی جەنگ لێدەدات بۆ ئەم پرسیارە. نووسەر ڕێبازێکی هاوچەرخی وەرگیراوی بەکارهێناوە و تیایدا ئەوەی دیاری کردووە کە: ( فۆندەمیتالیستەکان لەگەڵ ئافرەتدا بەهەمان شێوەی بۆمبایەکی ئەتۆمی،

لەچەشنی ئەو بۆمبایەی کەدرا بە هیرۆشیمادا رەفتار ئەکەن و دەڵێن با لەتیشك دانەوەی ئەتۆمی دوور بکەوینەوە..با..).

باسێکس بکەین بەڵام نزیك بەگەرماوەکە، بۆئەوەی دوای تەواو بونمان یەکسەر خۆمان بشۆین و زۆر بەئاگاییەوە خۆمان(پاکژ) بکەینەوە. بۆئەوەی بەو خۆپاکژکردنەوەیە دینی‌یە کۆئەندامی زاوزێمان پاك بکەینەوە. بەم شسێوەیە دەبینین کەسێکس کردن لەگەڵ ژن دا،هەروەك هەموو شتێکی قەدەغەکراوی دیکە، ئەبێتە هۆی فێڵبازی وداپۆشینی ڕووە ڕاستەقینەو زەروریەکەی بەڕووکەشێکی درۆ. چەسپاندنی سێکسی لەکۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا بە جۆرێکە کەتەنها تەماشاکردنی ژن و پیاوێکی نەناسیاو لەوانەیە ببێتە هۆی تراجیدیایەکی گەورە.

ئەم گیروگرفتی (خۆپاك کردنەوە) یە شوێنێکی سەرەکی دیاری کردووە لەو توێژی زانا ورابەرە ئیسلامی‌یەکاندا. دینی مەسیحی سەدەی نۆزدەهەم ئەو گیروگرفتانەی ئەناسی و کەنیسەی کاتۆلیك هەتا ئێستاش بایەخ بەو پرسیارانەش ئەدات، بەڵام دەقە مەسیحیەکان زیاتر فینمینیستن Fenimist . لەدینی ئیسلامدا بە پێچەوانەوە، ئامۆژگاری و تێبینی‌یەکانی پیاوە پیرۆزە دینی‌یەکان تەنها ئەم (شڵەژاندنە دەرونی‌یە) زیاتر دەکات.

ئیسلام زەواجی ناچاری و زۆرە ملێی نەهێناوەتە کایەوە، بەڵام کاری پێکردووەو بەکاری هێناوە. (ئەمینی ڕاستگۆ) جووت بوونی ژن و پیاوی بەکارێکی پیرۆزو نرخدار دائەنا، بەڵام هەمیشە لەبارەی سێکسی پیاوانەوە ئەدواو موحەمەد هەوڵی ئەوەی نەداوە کە بەندیخانەکەی ژنان لابەرێت. پێشێل کردنی مافەکانی ژنان بەشێوەیەك ڕەگی بەناخی ئیسلامدا داکوتاوە، هەروەك ئەوەی کەبەبوون و ناخی کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا ڕۆچووبێتە خوارەوەو لێی جیانابێتەوە تاڕادەیەك ووشەکانی ( نەریتوف) و قورئان لەیەك دەچن کە دەڵێت: ( سنگت دابپۆشە،

چونکە لەهەموو لایەکی‌یەوە سەرنج ڕاکێشە، شتی ئاوا زۆر ترسناکن، ببورن ئەوانە ئاگر بەر ئەدەنە رۆح و گوناه دروست ئەکەن).

هەندێك لە ئافرەتە موسڵمانەکان ئەم ( پیاوسالاری)یەیان قبوڵ کردووەو هەتا ئەمڕۆیش پەچە و عەبا دەپۆشن. ئەو ئافرەتانەی پەچەو عەبا ڕەت ئەکەنەوە، ئەوا ناچارن کە ڕێگای هەڵهاتن و نائومێدی بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

# پێکــــــــداداان

پێکدادان لەنێوان جیهانی تازەو ئیسلامدا ترسناك بوو بۆ دینەکەی محەمەد. لەبارەی جەنگی کەنداوەوە، ڕۆژنامەنووسەکان زۆرکات لەبارەی زەلیل بوونی موسڵمانەکانەوە نووسیویانە، کە ڕیشەی ئەم زەلیل بوونە دەبێت لەناو خودی ئیمپریالیزمی ئەورووپی دا بەدوای دا بگەڕێن.

بێ ئەوەی گوێی خۆمان کەڕکەین لەبەرانبەربۆچوونەکانی پێشوماندا، هەر لەبەشی یەکەمدا ئەوەمان گوت کە ئیسلام سەردەمێکی دوورو درێژ داگیرکەر بووە، تا ئەوەی کە ئامانجێك بێت بۆ داگییرکردن. ئەوەیکە ( بەزەلیل بوونی ئیسلام) ناوی دەبەین، وئەوەی کەبەڕاستی دەتوانین لەناو دەرونی موسڵمانەکاندا بیبیننەوە تەنها دەتوانین لە ڕیشەکانی دینەکەی خۆیانەوە شی بکەینەوەو بیدۆزینەوە، دینێکی شەرەنگێز، داگیرکەر، پڕ لەڕق وکینە بەرانبەر بەنا موسڵمانەکان. ئاینێکی ئەوها چۆن دەتوانێت بەرەنگاری شکستێك بکات کە بەدەستی ناموسڵمانەکان ڕوویداوە؟

گەر ئیسلام بناغەیەکی یاسایی دینی تێدا بێت بۆ داگیرکردن و سەرکەوتن و شکست، ئەوا ئەو بناغەیە بەتاڵ و بۆشە لەهەموو پاکانەیەك بۆ سەرنەکەوتن. مەسیحی و جولەکە، هەریەکەیان سەرکەوتوو بوون، یان تێك شکاون. دینەکانی ئەوان، هەروەك لەیاساکانی دینی خۆیاندا سەرکەوتنیان بۆ دەست نیشان ئەکات: ( خوا لەگەڵ ئێمەدایە)، بەهەمان شێوە دۆڕان و شکستیشیان ڕوون دەکاتەوە.

موسڵمانەکان تەنها دەتوانن وەك سەرکەوتوویەك تەماشای خۆیان بکەن، ئەوان ڕازین بە قبوڵکردنی شەهید بوون، بەڵام بەو مەرجەی نەدۆڕێن. خوا سەرکەوتن

مسۆگەر دەکات.. ئازایەتی و غیرەتی موسڵمانەکان چەند زۆرتر بێت لەمەیدانی جەنگ دا، ئەوەندە بەقوڵی و گرانی ئەتوانن قبوڵی دۆڕاندن بکەن.

خانووی ئیسلام (دارالاسلام) سەدان نەتەوە دەگرێتە خۆی کە عادەتێکی جەنگاندنی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئیسلام بناغەیەکە کە کردارو ڕەفتاریان دیاری دەکات، وەئیسلام پیاوەتی و کەرامەتی ئەوێت و داوای دەکات. مجاهیدەکانیش، سەربازەکانی باوەڕن و هەرگیز لە مردن ناترسن. هیچ شتێك نەیتوانی کە موسڵمانەکان شەرمەزار بکات بەو چیرۆکە ڕیسواکەرانەی کەلە چاپەمەنی‌یەکانی ڕۆژئاوادا بەدوای شەڕە شەش ڕۆژیەکەی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل دا لە حوزەیرانی١٩٦٧ دا بلاّوکرایەوە. ڕۆژنامەنووسەکان بەشێوەیەك وەسفی عەرەبەکانیان کرد کە ترسنۆکن و پێلاّوەکانیان لەبیابانەکاندا بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی بتوانن خێراتر ڕابکەن. ئەم چیرۆکە کورتانە وایان لە میسریەکان کرد، کە گەلێکی ئاشتیخوازن، دوای شەشە ساڵ دەست بکەنەوە بەشەڕ بۆ ئەوەی بتوانن بیسەلمێنن کە عەرەبەکان دەتوانن ئازاو بەجەرگ بن.١

هەتاکو هاتنی ناپلیۆن بۆ میسر، ئیسلام لەناو جەرگەی ناوچە جوگرافی‌یەکەی خۆی‌دا، تەنها چەند شکستێکی ڕووکەشی بەخۆیەوە بینی بوو( وەك جەنگەکەی لێپانتۆ لە ساڵی ١٥٧١ لەگەڵ ڤێنیسیاو ئیسپانیادا)، وە ئەوانی تر لەناوەندی چەندەها سەرکەوتنی نەژمێرراودا

---

١- لێرەدا مەبەست لەجەنگەکەی ساڵی ١٩٧٣ی نێوان میسرو ئیسرائیله.

هەست پێنەکراون. شکستە گەورەکە لەنزیك ئەهرامەکانەوە لە٢١ی حوزەیرانی ١٧٩٨دا ڕوویدا. ئەوکاتەی کە ناپلیۆن گەیشتە میسرو بەتوانا بێ سنوورەکەی سیاسەتی فەرەنسی تێرکرابوو، ئا لەم کاتەدا ئیتر ئەوە بوو کە لە مێژ بوو ئەوروپا پشتی کردبووە ئیسلام. ئەوروپا ئەڕوانێتە ئاسۆ فراوانە بێ کۆتاییەکەی دەریا، ئەڕوانێتە داگیرکردنی جیهان.

لەیەکی حوزەیرانی١٧٩٨دا ناپلیۆن پیێ نایە(ئەبوکیر) لەگەڵ چەند ئەسپ سوارێکی کەم و چەندهەزار سەربازێکی پیادەدا،کە هەر ئەوانە بەشداری جەنگەکەی ئیتالیایان کردبوو. ئەو سوپایە کۆرپەی شۆڕشەکە بوون. باوەڕیان نەبەخوا و نەبەشەیتان نەبوو، بێباوەڕن، سەرخۆش ،ئازان. لەگەڵ سوپاکەدا تیپێکی زانایان هاتن، کە پێکهاتبوون لەگشت ئەنسکلۆپیدیا گوێزراوەکەی ناپلیۆن. لەوکاتەدا دەسەلأتدارانی میسر مەمالیکەکان بوون،کە لەبەندەری بەرزەوە (میناالعالی) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دانیان بەسەرکەوتنی خۆیاندا ئەنا . مەمالیکەکان سواری سەرسوڕهێنەریان هەبوو. سواری ئەسپی مەمالیکەکان لەوسەردەمەدا باشترین چەك و ئازاترین سەربازی جیهان بوون. لەپاش بەندکردن و شاردنەوەی هەموو ڕق وکینەیەك بەرانبەر بەبێ باوەڕەکان، سەرۆکی سوپای مەمالیك وازی لەداگیرکەرەکان هێنا بۆ ئەوەی کە لەقاهیرە نزیك ببنەوە، چونکە بێگومان بوون لەوە کەدەتوانن لەنزیك ئەهرامەکان تێکیان بشکێنن و بیانخەنە ژێر پیێ ئەسپەکانیانەوە.

باوێنەیەك لەشانۆگەرییەکەی ٢١ی حوزەیرانی ١٧٩٨ نمایش بکەین، لەم ڕۆژەدا ناپلیۆن خۆی وەکو کابرایەکی خاوەن ستراتیژی گەورە دەرناخات، هەروەك ئەوەیکە لە ئیتالیاو شەڕەکانی دوایی تردا خۆی دەنواند بەرانبەر بەکۆمەڵە جیاوازە شەڕکەرەکان. گەر بەجیا سەیر بکەین دەبینین کە پیاوەکانی ناپلیۆن لەبارێکی چەککردنی زۆر خراپ دا دەرئەکەوتن، بەبەراورد کردنێك لەگەڵ سوارە بێ

هاوتاكانی مەمالیك دا، بەلاّم موسڵمانەكان هەر بەهەمان شێوەی كاتی هیجرە ئەجەنگا ن و فەرەنسیەكانیش جەنگەكە بەشێوەی سوپایەكی چەرخیمودێرن بەرێوە ئەبەن: ( چوار گۆشەیەك دروست بكەن، ڕیزی یەكەم_ ڕمەكانتان دابنێن، ڕیزی دووهەم ئامادەیە بۆ تەقەكردن، تۆپەكان لەگۆشەكانی چوار گۆشەكەدا، خۆتان بەتۆپە هێشوویی‌یەكان پرچەك بكەن! واز لەدوژمن بهێنن بانزیك بێتەوە! تەنها تەقە لەسەركردەكان بكەن!) ئەمانە فەرمانەكانی سەربازە فەرەنسیكان بوون، كەچی موسڵمانە شیر بەدەستەكان لەوكاتەدا دەیان قیژاند (ألله أكبر، ألله أكبر ).

موسڵمانەكان نزیك ئەبنەوە، دە مەتر لە فەرەنسیەكانەوە دورن و گوللەی تفەنگەكانیان زۆر لەنزیكەوە ئەیان پێكێت، چوارگۆشەكە ئەكرێتەوە، تۆپەكان گوللەكانیان دەتەقێنن و ئەسپی موسڵمانەكان دەكەون. شەپۆلەكە ئەكشێتەوە بۆئەوەی خۆی بۆ لێدانێكی تازەتر ئامادە بكات. دەنگی سەربازە فەرەنسیەكان دەنگ دەداتەوە، سەد مەتر بڕۆن بەلای چەپ دا و بەرەو پێش بڕۆن. تەپڵەكان لێدەدرێن، لەسەد مەتر لەلاوە چوارگۆشەكە دروست ئەكرێتەوەو كوشتنی سوارە مەمالیكەكان سەرلەنوێ دەست پێ دەكاتەوە. دەمەو ئێوارە ( مورادبەگ) بەرەو باشور هەڵدێت ولاشەی هەزارەها لەپاشی خۆیەوە بەجێ دەهێڵێت ( خوایە، كێ ئەم شەڕە ترسناكەم بۆ دەگێڕێتەوە). موراد بەگ لەهۆنراوەكەی (هۆنراوە ڕۆژهەلاّتی‌یەكانی ڤیكتۆر هۆگۆ)دا بەوشێوەیە ڕازی خۆی لەبارەی شەڕەكەوە دەربڕیووە. فەرەنسیەكان كەمترین زیانیان لێكەوت و هاوچەرخێتی خۆیان دووپات كردەوە. موسڵمانەكانی قاهیرە دەبنە بینەری هاتنە ژوورەوەی جیهانی نوێ بۆ ناوژیانی سوونەتیان. موسڵمانەكان شپرزەن، ترساون فەرمانی فەرەنسییەكان جێبەجێ دەكەن وخاوەنی باوەڕێكی لاوازن. ئەم جیهانە تازەیەلەبەر دەمی ناپلیۆندا خۆی دەنوێنێت، ئەو جیهانە نوێیەی بەژیرێتی، كاپیتاتیزم، ڕۆمانسیزم،

هاوچەرخێتی و عیلمانیەت بنیاتنرا. ئیتر لێرە تەنها مەبەست خوا پەرستیەکە نی‌یە، پێویستە هێرش ببرێت. پێویستە داگیر بکرێت و پێویستە رێك بخرێت.

ڕابەرەکانی قاهیرە لەسەر دانەکانیدا بۆلای ناپلیۆن پیٚیان ووتوەکە،خوا پیرۆزترین شتە، ئەویش بەکورتی بەم شێوەیە وەلآمیان دەداتەوە: ( بەلٚیٚ، بەلآم من لێرەم)هەموو شتێك لەبواری ئەم کفرەدا وتراوە. موسڵمانەکان بەسەرسوڕماوی‌یەوە بەئاگا دێن و ئیسلام ئێستا ناتوانێت لەسەردەمی ئەم پێکدادانەوەبێتەوە سەرخۆی. لەمەش زیاتر ئەوەیە کەلەدوای ئەوشەڕەی نزیك ئەهرامەکان، زنجیرەیەکی دوورو درێژی شکستی هاوشێوە بەسەر دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا هات. جەنگاوەرەکانی ئیسلام تێناگەن چی ڕووئەدات؟ ئازایەتیان سنووری نی‌یە، باوەڕەکەشیان زۆر بەهێزە، بەلآم ئەوان ناتوانن لەو ڕاستی‌یە تێبگەن کە ئەوان شکست خواردەی دەستی مۆدرنیزمن، ئەمەش واتە ژیرێتی و ڕێکخستنی ڕۆژئاواییەکان کەلە ژیرێتی ورێکخستنی موسڵمانەکان بەرزترە.

موسڵمانەکان ئەتوانن چەکی نویٚ وهاوچەرخیش بکڕن و بەکاریان بهێنن، بەلآم سەرکەوتنی ڕۆژئاوا نەبەستراوەتەوە تەنها بەجۆری چەکەکانەوە، سیستمی ڕێکخستنەکانیان گرنگترە لەدروست کردن و بەکارهێنانی چەکەکانیان.

لێرەوە ئەو ڕاستی‌یە سەربەرز دەکاتەوە کە موسڵمانەکان ناتوانن دانی پێدا بنێن، بەلآم ڕوونکردنەوەی شکستەکانیان لەشەڕەکانیان دا لەگەلٚ ئیسرائیل دا،بەهەرشێوەیەکیش سەیری زایۆنیزمیش بکرێت، تەنها لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئیسرائیل سەری پردێکی ڕۆژئاوایە. لەم ڕووەوە گیروگرفتی فەلەستین بناغەی گیروگرفتی جیهانی ئیسلامی‌یە. هەر لەم خاڵەیشەوە ئارەزووە بەهێزەکەیان سەرچاوە دەگرێت بۆ تۆڵە سەندنەوە. بوونی دەوڵەتێکی ئیسرائیلی لەناو جەرگەی شوێنێکی ستراتیژی جیهانی ئیسلامدا تەنها(کینەو ڕقەگەورەکە) بەهێزتر دەکات.هەرلەبەر ئەمەشە کە موسڵمانەکان تووشی زەحمەت و گیروگرفت ئەبن،

چونکه قبولّ ناکەن کەمایەتی‌یەکی کەمی نائیسلامی لەناویاندا بژی، بەلاّم مەسیحیەکان هەر بەو شێوەیەی‌کە بیردۆزێکی دینیان هەیە لەبارەی(مەسیحی‌یەت)ەوە، بەهەمان شێوەیش بیرۆدۆزێکیان هەیە لەبارەی (کەمایەتی)یەکانەوە. لەشەریعەتدا سەردانەواندن بۆ بیّباوەڕەکان شتێکە کە پێش بینی نەکراوە، هەرئەمەشە ئەبێتە هۆی دروست بوونی گیروگرفتی هەزارەها موسڵمان کە ئەمڕۆ کۆچ ئەکەن بۆ وولاّتانی( بیّباوەڕەکان). لەشوێنی خۆیدایە کە بگەڕێینەوە سەر ئەم باسە. لەکاتێکدا باوەڕدارێك نەتوانێت بیهێنێتەوە بەر چاوی خۆی کە گوێڕایەلّ و مل کەچی دەسەلاتێکی (نائیسلامی)یەو دان بەشتە پیرۆز و بەنرخە نا(ئیسلامی)یەکاندا بنێت بووەتە هۆی چەندەها کرداری بیّمێشکانە و شێتانە.

یەکێك لە بناغە دانەرانی کۆمەڵەی ( إخوان ألمسلمین) سەید قوتب بوو، کە ناسر لەساڵی ١٩٦٦دا لەسێدارەی دا، زۆر لە پێش خومەینی‌وە ترس و نیگەرانی خۆی بەرانبەر بەهاوچەرخی کردنی میسر دەربڕی. زاناو لێکۆڵەرەوەکانی ئیسلام ئەمڕۆ بەهەمان شێوەی ئەو بیرە دەکەنەوە. یەکێك لەڕۆژهەلاّتناسە زیرەك و شارەزاکانمان (ژێلّ کێپێلّ) لەپەڕتووکەکەیدا ( پێغەمبەروفیرعەون) بەراورد ئەکات لەنێوان ئەو موسڵمانانەی کەئەیانەوێت کۆمەڵگاکانیان بە(ئیسلام)بکەن بەپشتیوانی دەوڵەتانی ئیسلامی(سعودیە، سودان ومۆریتانیا)، وەلەلایەکی ترەوە ئەو خواپەرستانەی کەئەیانەوێت بگەنە هەمان ئەنجام کاتێك پشت ئەبەستن بەچالاکی و تێکۆشانی خەڵکی خۆیان. بەلاّم کاردانەوەی هەموویان لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەلّ ڕۆژئاوادا بۆ پەیوەندی بەستن، بەڕەتکردنەوەیەکی توندی ڕادیکالاّنەی هەموو شتێکی بەنرخی جیهانی تازە خۆی دەردەخات. موسڵمانە فۆندەمینتالیستەکان بۆئەوەی موسڵمانە ئاساییەکان تووشی لێکدابڕان وپچڕپچڕ بکەن، سوورن لەسەر خۆدابڕین لەهەموو ئەو بیروباوەڕانەی کەلەم

سەدەیەدا قبولٚ کراون. ئەوان بڕوایان بەگەڕانەوەیەکی تایبەتی ڕۆحیانەی ئیسلام هەیە بۆ سیازدە سەدە بەر لەئێستا. ئەوان ئاوات بەسەدە ئاڵتونیەکە ئەخوازن، واتە ئەوکاتەی کە بناغە دانەری دینەکە لە میرگێکی مەدینەدا نیشتەجێ بوو بوو،ئەوان دەیانەوێت هەمان جلەکانی محەمەد لەبەر بکەن. ئەیانەوێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ هەمان شێوە ڕژێمی نان خواردن وهێمنێتی دا، ئەیانەوێت لاسایی هەمان ژیانە سێکسیەکەی ئەوکاتە بکەنەوە. بەو تێڕوانینەیانەوە ئەگەنە ئەنجامێکی واقعی لەتێکشکاندنێکی کۆمەڵایەتی. ئەوان لەتوانایاندایە کەجاروبار نان دەرخواردی هەژاران بدەن، لەتوانایاندایە سزای ئافرەتە بەهەڵەداچووەکان بدەن، بەتوانان لەوەدا کەقەدەغەی بەکارهێنان و فرۆشتنی "الکل" بکەن، بەتوانان لەوەدا کەهێز بدەنەوە بەباوەڕی ئیماندارەکان بۆ ئەوەی بێ هیوا نەبن، بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بێ توانان لەڕێکخستنی گشتیکۆمەڵگادا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، هەروەك تەجروبەی ئێرانی ئیسلامی سەلماندوێتی. ئەو شەپۆلە یەکێتی خوازەی کەلەژێرقورسایی پشتیوانی کردن لەهەژاراندا بڵاو بوەتەوە، لەئێراندا وورده وورده دەستی کردووە بەخۆکشانەوە، بەلاّم ترسی ئەوە هەیە کەلەشوێنێکی تری وەك جەزائیردا سەرهەڵبداتەوە. بەهۆی ڕەتکردنەوەی هاوچەرخێتی، فۆندەمێنتالیزمی ئیسلامی هەمیشە دەتوانێت لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات. بەدرێژایی بیست ساڵ لەشوێنێك ئەکوژێتەوەو لەشوێنێکی تردا کڵپە ئەکاتەوە، بەلاّم هاوچەرخێتی پەتایەکە ناتوانرێت خۆی لێ بپارێزرێت. هەرچۆنێك بێت، پێش لەوەی کەنوقمی مەتەڵەکانی داهاتوو بین پێویستە بڕوانینە ڕابووردو ئاوڕێکی لێ بدەینەوە.

# ڕابـــــــــوردوو

ئەوانەی دژی ئیسلامن دان بەوەدا دەنێن کە لە ڕاستیدا ئەم ئاینە ڕابردوویەکی پرشنگداری هەبووە. بێگومان هەر لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەوەیە(داستانە ئالتونییەکە)یان هاتووەتە کایەوە.

لەسەرەتادا پێویستە بەها ڕاستەقینەکەی ئەو کارتێکردنە دیاری بکەین کە جیهانی ئیسلام لەسەر ڕۆژئاوا هەی بووە. ڕۆژهەلأتناسەکان بەهایەکی زۆرتری ئەدەنێ. ئەوان پروپاگندەی ئەوە ئەکەن کە موسڵمانەکان ڕێگایان بۆ ئەوە خۆش کردووە کە نووسراوەکانی یونان بناسن، بەتایبەت دەستکەوت و کارە زانستیەکان. ڕاستە کاریگەری هەبووە. ئیبن سینا زانستە کۆنە یۆنانییەکانی خوێندۆتەوەو بەم هۆیەشەوە بووە کە شوێن و کەسایەتی ئیبن سینا لەمەسیحیەتی سەدەکان ناوەڕاستدا زۆر گەورە بووە. بەلأم لەهەمان کاتدا پێویستە جەختیش لەسەر ئەم ڕاستییە بکرێت کەلە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا زۆربەی ڕۆشنبیرەکان لەهاوولأتیە مەسیحییەکان پێکهاتبوون، کەشان بەشانی داگیرکەرە ئیسلامییەکان ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان بینیوە( هەروەك دواتر بۆمان ڕون دەبێتەوە) هەرچۆنێك بێت پێویستە بەهایەکی زیاد لەڕادەی خۆی نەدەین بەم کارتێکردنە،ئەگەر چی ووشەی جەبر ووشەیەکی عەرەبییەولە(Algebra) وە وەرگیراوە کە لەگواستنەوەی کلتوری ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دا دەورێکی سەرەکی بینیوە. بەلأم لەبیرو هۆشی گشتی ڕۆژئاوادا ناوهێنانی بێزەنتینیەکان ووردە ووردە کاڵ بووەو ئەویش لەژێر هێزی کارتێکردنی شیکردنەوەیەکی دەرونیدا.

ڕۆژئاوای لاتینی، کەخوێندکارێکی بەهرەداری ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بوو لەسەدەی سیازدەهەمدا لێی هەڵگەڕایەوەو ئەو ئیمپراتۆریەیەی لەناو برد. ڕاپەڕینی چاخ هەڵگرەکان کە لەڤێنیسیاوە دەستیپێکرد لەڕێبازە ڕاستیەکەی خۆی لایداو بەیەکجاری هێزە ڕاستەقینەکەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی لاتینی لەناو برد. بەم شێوەیە لەساڵی١٤٥٣ دا تورکەکان تەنها فەرمانڕەوایە سێبەری ئیمپراتۆریەتەکەیان ئەکرد، کەهەتا ئەو کاتە لەکارە ڕۆشنبیریەکەدا پرشنگ دار بووە. لەبوارە سیاسیەکەشدا دا ڕووخاوبووە. لەوانەیە ئەم کوشتنە شێوازە(ئۆدیبی)یە شوێنی لەو شتە بەناوبانگەیکەناوئەبرێتبە ( Damnatio Memriae) واتە یادە لەعنەتیەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کردبێتەوە کە ئەویش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە بۆ ئەوەی بەهایەکی زیاد لەڕادەی خۆی بدات بەڕۆڵە مێژوویەکەی عەرەب. گەرچی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەڕۆژئاوا ڕووخاو لەناوچوو. بەڵام ئەبێت فەراموش نەکەین لەڕۆژهەڵاتدا، لەدەوروبەری قوستەنتەنیەدا تا سەدەی پانزەهەم بەردەوامێتی هەبووە، کە بە ناوی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیەوە خۆی دروست کردووە. ئەم ئیمپراتۆریەتەش بەشێوەیەکی بنچینەیی خۆی بەهێز دەکات زانیاری زاناکان و نووسین و هونەرو فەلسەفەکۆنەکان و پارێزگاری کردن لەدەقی نووسراوە یونانیە پیرۆزەکان، وە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتینی بوو بەڕابەری سەرەکی مەسیحی لاتینی. لەکۆتایدا موسڵمانەکان قوستەنتینەیان داگیر کردو لەساڵی ١٤٥٣دا هەزارەها ڕۆشنبیری یونانی بەکۆمەڵ دەستیان کرد بەکۆچ کردن بەرەو فلۆرنساو ڤێنیسیاوڕۆما، کەیەکێك لەو کۆچەرانە

بەناوی کاردینالٚ ڤیساریۆن[1] بوو هەر ئەو ڕۆشنبیرانە بوون کەبوونە هۆکارێك بۆ ئەو گۆڕانکاریەی کەئەمڕۆ بە(ڕێنیسانس) ناوی ئەبەین.

بەهەمان شێوە نابێت ڕۆڵی فارسەکان لەبیر بکەین. مێژووی فارسەکان بەمێژووەکەی ئەخمینی‌یەکان لەگەڵ ئەسکەندەری گەورەدا تەواو نابێت. ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بەردەوامێتی خۆی لەئیمپراتۆریەتی بێزەنتینی‌دا دەبینێتەوەو ئیمپراتۆریەتی فارسیش بەبنەماڵەی حوکمڕانەکانی ساسانیەکان خۆی دەژێنێتەوە. لە سەدەی حەوتەمی زانینیدا هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەی فارسی وڕۆمی لەدوژمنایەتی‌دا بوون و هەروەك سەردەمی( ترایان) لەدژی یەکتری دەجەنگان. هەرلەهەمان کاتدا بوو کە جەنگە ئیسلامی‌یەکان هاتەکایەوە، هەردوو ئیمپراتۆرەکە بەردەوام لەناکۆکی دا بوون، کەبەشێوەیەکی بەرچاو هەردووکیانی لاواز کردبوو. ئیمپراتۆریەتی یۆنانی هەرقل بەسەر شاخەسرەودا سەردەکەوێت، بەلاٚم هەردوولایان لاوازی دەستی پێکدانەکانن. هەرلەم ساتەدا وەك شتێکی چاوەڕوان نەکراو لەبیابانی باشوورەوە ئەو مەترسی وهەڕەشەیە دەرکەوێت کەبارە تەقلیدی‌یەکەی(ڕۆژهەلاٚت وڕۆژئاوای) لەناوبرد.با لەنزیکەوە چاو بە پرسیارەکەدا بخشێنین: ئایا هەر لەساتی لەدایك بوونی ئیسلامەوە ئەو بیربۆچوونەی تێدا گەلاٚڵەکراوە کە گوایە ئەو دینە دەبێت بەهێزێکی شارستانی گەورەو پیرۆز، هەروەك ئەوەی کە ئێستا ڕۆژهەلاٚتناسەکان باسی دەکەن؟

---

١_ فیساریۆن: قەشەیەکی کەنیسەی یۆنانی بوو، کەلەپاشدا بووەبە کاردینالٚ لەئیتالیاو کەسێکی زۆر مرۆڤ پەروەر بووە.

ئیسلام لەشاردا سەری هەڵداو پێگەیشت. ووشەی شارستانیەت لەشارەوە هاتووە، ڕۆشنبیریەتی شارستانیەتی ئیسلامی بریتی‌یە لەڕۆشنبیریەتی شار،

شارستانیەتی شارەکەی مەدینە. زانا پسپۆرەکانی وەك ژاك بیك و مەکسیم ڕۆدینسۆن ئەوە دیاری دەکەن کەمامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دینەدا پێویست بەشێوازیکی شاریانە دەکات، کۆبوونەوە لەدەوری مزگەوت و منارەکەی تەنها لەشاردا ئیمکانی هەیە و شێوازی موسڵمانێکی ڕاستەقینەی شارنشین بریتیە لەنوێژکەر، خۆپاکژ کردنەوە، سەرپۆش وعەبا، هەموو ئەمانە تەنها دەتوانرێت لەشاردا جێبەجێ بکرێن.

شارە ئیسلامیە سەرەتاییەکان لەشارە مەسیحیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نەئەچوون کەگرێدرابوون بە گۆڕینەوەی کەل وپەلەوە بەئاڕاستەی شارو لادێوە و بایەخدان بە بوارە کشت وکاڵیەکە. جگە لە هەندێ شاری ئیتالی کەکەوتونەتەسەرکەناری دەریا، بەتایبەتی ڤێنیسیاو گێنوا. شارە ئیسلامیەکان زۆر بایەخیان نەداوە بەدراوسێ ڕاستەوخۆکانیان. ئەم شارانە بەهۆی بازرگانیەوە بوو بوونە بنکەی بازرگانی و هەروەکو ڤێنیسیاو گێنۆ ئەژیان. بەلاَم لەدەوروبەری ڤێنیسیادا دەریا هەیە، کەچی لەدەوروبەری مەککەدا بیابان هەیەو کاروانی کۆچەرەکان جێگای دەریاوانەکان دەگرنەوە. لەدەوروبەری شارە مەسیحیەکاندا لادێ هەبووە، بەلاَم لەدەوروبەری مەککەدا تەنها(بەدەوی)یەکان هەبوون. لەبەر ئەوەی کە موحەمەد دانیشتووی مەککە ومەدینەیە، پێویست بوو کەخۆی لەگەڵ دراوسێ خێڵە کۆچەرەکاندا ڕێك بخات و ئەوان بکات بەسەربازی دینەکەی. بێگومان موحەمەد بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوانی هەڵنەسەنگاندبوو، چونکە لەو باوەڕەدا نەبوو کە بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەوەی کە ئەو خێڵەکۆچەریانە بکاتە موسڵمانێکی زۆرچاك. کۆچەرەکان بەبێ ئاو ناتوانن پاکژکردنەوەی دینی خۆیان بەجێ بهێنن کە لەلایەن ئیسلامەوە بۆیان دیاری کراوەو زۆر زەحمەتە بۆیان کەلەڕۆژی هەینیدا بتوانن لە مزگەوتدا کۆببنەوە بۆ نوێژی جەماعەت لەمزگەوتدا. بەلاَم لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا محمد پێویستی

بەلایەنگرێتی و پشتگیری کردنی خێڵەکیەکان هەبوو. ئەوان پێویست بوون بۆ شارەکان و کاروانە بازرگانیەکانیان کەنەیان ئەتوانی رزگاریان ببێت گەر ڕێگای کاروانەکە ببچڕایە. بەم شێوە خێڵەکان لەلایەن موحەمەدەوە بەکاهێنراون بۆ ئەوەی(رصیە)١ بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە لەپێناوی دینە تازەکەیدا. ئەوانەی لای خەلیفەکانی پێغەمبەریش خزمەتیان ئەکرد هەوڵیان ئەدا کە خێڵە کۆبووەکان بەرەو جیهاد ببەن لەحیجازدا. بەم شێوەیە ئەو وزەو توانا جەنگی‌یەی ئاڕاستەی ناوچە کشت وکاڵی‌یە ناموسڵمانەکان کرد کە کەوتونەتە باکوری ناوچەی عەرەبی ژێردەسەلاتی دەوڵەتی فارسی و بێزەنتی‌نیەوە، بەمجۆرە دەبینین کەشارە موسڵمانەکان بەیەك تیر دوو ئامانجیان پێکا: ئاشتی وهێز.

بۆ یەکەمجار نەبوو کە ئیمپراتۆریەتە شارستانیدارەکان، کە ژیانێکی جێگیریان هەبووە، لەلایەن خێڵەکیەکانەوە داگیرکرابن. هەتا سەدەی پانزەهەم و هەتاکو بە کارهێنانی چەکی تۆپیش بەدەویەکان خاوەندی دەسەلاتێکی تەواو جەنگی بوون بەسەر دانیشتوانە جێگیرەکان(دێنشینەکان و شارنشینەکان)دا. سوپاس بۆ یەزدان کە خێڵەکان هەمیشە لەناو خۆیاندا بەش بەش و جیاواز بوون، ئەویش لەبەر ئەوەیکە هەمیشە لەناکۆکی و دوژمنایەتی کردنی یەکتری‌دا بوون، وەبەشێوەیەکی ئاسایی ئیمپراتۆریەتەکان سەرکەوتو بوون بەهۆی ئەو بەربەستانەی کەدیواری چین و بورجی بیزنێ مائیلی ڕۆما لەبەردەمیاندا دروستی کردبوو، بەڵام لەکاتێکدا کە ئیمپراتۆریەتەکان لەناو خۆیاندا ئەکەوتنە جەنگ و ناکۆکی‌یەوە، وە بەدەویەکانیش یەکگرتوو دەبوون، بەدەویەکان سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا. مەنگۆلیەکان هەمیشە لەناوچە دەشتیەکانەوە چونەتەناو ئیمپراتۆریەتی چینەوە. بەربەریەکان لەناوچە تەختەکانی ئەورووپاوە توانیویانە بچنە ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیەوە، بۆرگۆندی، فرانکی، چەندەها خێڵی تری ئەڵمانی و سلاڤی بەهەمان شێوە پەلاماری ئیمپراتۆریەتەکانیان داوە.

تا دەرکەوتنی محەمەد بەدەویەیەکانی بیابانی باشوور ئەمەندە پارچە پارچە بوون وله ناکۆکیدا دەژیان کەنەیان دەتوانی فارسەکان وبێزەنتیەکان بترسێنن، بەلاّم لەئەنجامدا ئیسلام یەکیان پێ دەگرێت. یەکگرتنەکەشیان ڕێگای خۆش کرد بۆ گەشتنە دەسەلاّت و بالاّدەستی جەنگیان و دواتریش دەرگای داگیرکردنەوەی بۆکردنەوە. هەرلەباشوورەوە ئەو دیاردە مێژووییە دەرکەوت کەناسراوە بە(غەزوە گەورەکە)، کەتا چەند سەدەیەکیش بەر لەئێستا له باکوور دا هەڕەشەی لەئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دەکرد لەباکوردا. بەلاّم لەنێوان ئەم دووجۆرە غەزووە دڕندانەیەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە، دینی بەربەریەکانی ئەوروپا لەلایەن ئایدۆلۆژیەکەدا لاواز بوون و باوەڕی بتپەرستانەی بەربەریەکان پێکهاتێکی لاوازی هەیە.

---

١_ رصیە: هێرشێکی کت وپڕە بەمەبەستی دزین وتالاّنکردن وفڕاندنی منداڵان.

هەر دینێك( یاخود ئایدۆلۆجیەك) دەتوانێت " بەهێز" یاخود"لاواز"، "کراوە" یاخود "داخراوە" بێت. کاتێك دینەکە لاواز بێت، ئەوا توانایەکی کەمی هەیە بۆ ڕاکێشان و هێزکۆکردنەوە، بەلاّم کاتێك بەهێز بێت، ئەوا هەروەك موگناتیز کاری خۆی ئەکات. کاتێك کراوە بێت هەمووشتێك هەلّئەلوشێت..بەلاّم کاتێك داخراو بێت، ئەوا توانای ئەو دینە بۆ وەرگرتن لەڕادەیەکی دیاری کراودا دەبێت.

زۆر پێکهاتی جیاواز لەئارادایە. دینێك کەکراوەیە دەتوانێت بەهێز یاخود لاوازبێت. کاتێك دینەکە لاوازبێت، ئەوا بۆ خۆکرنەوە مل کەچی کارتێکەرە دەرەکی‌یەکان دەبێت، کەلەم کاتەدا توانای ڕاکێشانی تەواوی نییە. ئەگەر بەهێز بێت، ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە هەر بەکراوەیی بمێنێتەوە. بێگومان، باشترین پێکهات بۆ هەر ئایدۆلۆجی‌یەك ئەوەیە کە ئەو ئایدۆلۆجیە خاوەنی هێزێك بێت کەبەکراوەیی خۆی ببەستێتەوە بەئایدۆلۆجیەکانی ترەوە( هەر ئەمەش مانی راستەقینەی‌ئاین) و ڕێگا خۆش بکات بۆ ڕاکێشان و دوورکەوتنەوە لەکینەو تۆڵەکردنەوە.. بەلاّم خەتەرناکترین پێکهات بریتی‌یە لەپێکەوە بەستنی هێزو داخران. بەم پیّیە دەکرێت بلّێین کەئیسلامی (جیهاد) لەهەمان کاتدا بەهێزیشەو داخراویشە. لەبەر ئەمەیە بەدەوی‌یەکان نایانەوێت تێکەلاّوی شارستانیەتی فارسی وبێزەنتیەکان ببن کە حوکمڕانیان دەکەن. ئەوان خۆیان زۆر بەبەرزتر لەدۆڕاوەکان دائەنێن و لەهەمان کاتیشدا بیرلەوەناکەنەوە خۆیان بەهاوتای موسلّمانە تواوەکان دابنێن کە کینەیان هەیە بەرانبەریان. ئەم پەیوەندیەش ئەنجامێکی زۆر ترسناکی هەیە. لەیەکگرتنی نێوان شارستانیەت و سەربازە خێلّەکیەکاندا کە کۆێلەو گیرۆدەی دینێکی بەهێزن، ئاوێتەیەکی ڕووخێنەر پەیدا دەبێت.

بالێرەدا تیشك بخەینەسەر (ڕاستی‌یە کپ کراوەکە)، کەبەهیچ شێوەیەك مەبەست لەباسێکی ئاسایی نی‌یە، (ڕاستی‌یە کپ کراوەکە) هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە

لەهیچ کاتێکدا دەرنەبڕابێت. زۆر لەمێژوونووسەکان ئەم کارەیان بەجێ‌هێناوە(ژان بێن) لەساڵەکانی پەنجادا لەبەرهەمەکەی(ڕەووتە گەورەکان لەمێژووی جیهان)دا زۆر بەچڕوپڕی ئەم بیرۆکەیەی دەربڕیوەو(کاشڤێ دۆپلاَنۆڵ) بەهەمان شێوە ئەو کارەی لەپەڕتووکەکەیدا(بناغە جوگرافی‌یەکانی مێژووی ئیسلام)دا بەسەلمێنراوی بەهیچ سۆزێك ئەنجام داوە. وەك دەرئەنجامێك لەکارەگەورەکەی(فێرنان برۆدێڵ) کەبەناوی دەریای ناوەڕاست لەسەردەمی فلیپی دووهەم دایە بۆ ئەم کورتە باسە ڕەچاوی دەکەین.(ڕاستی‌یە کپ کراوەکە) مەبەست لەباسە ئاشکرا نەکراوەکە نی‌یە، بەڵکو مەبەست لە(ڕاستی‌یە قبوڵ نەکراوەکە)یە. ئەمەش دەتوانرێت شی بکرێتەوە، توانای خەڵکی بۆ ئەوەی کوێرو نەبین بن زۆرگەورەیە(داستانێکی ئاڵتونی) فراوان بوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و ئاڵۆزبوونی بەرابەرگوناهی ئیستیعمارە رابووردووەکان زیاتر بوو. ئەمەی داهاتوو بریتی‌یە لە(ڕاستی‌یە کپ کراوەکە)، یەکگرتن لەنێوان موسڵمانانی شارەکان و بەدەویە داگیرکەرەکاندا، کە لەهیچ بوارێکدا ناتوانن بەرزتر بن لەوەی کە داگیریان کردووە، ئەبێتە هۆی یەکێك لە گەورەترین نەهامەتیەکان کە مێژوو بەبیری هات بێت بەر لەجەنگە جیهانیەکان. بەر لەمردنی محەمەد لەساڵی ٦٣٢دا، بەشی رۆژهەلاَت و باشووری دەریای ناوەڕاست لەگەڵ چین دا پێشکەوتوترین ناوچەی جیهان و ئەوروپا بوون، وەلەکاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دا کەمترین زیانیان لێ کەوتوە لەبەر ئەوەی کە لەلایەن بێزەنتی‌نیەکانەوە پارێزگاری ئەکران. کشت وکاڵی بوژابویەوە کە زۆر بەبایەخ پێدانەوە لەباکوری ئەفریقا چاودێری ئەکرا. لە میسرو میزۆپۆتامیادا سیستمی ئاودێری زۆر پێشکەوتوو بوو. لە شارەکاندا هەمان قەشە گەورە یونانی‌یەکانی سەردەمی پێشویان هێشتبوۆوە، لە ئەسکەندەریە، ئەنتیۆفیا پارێزگاری بەشێکی گەورەی شارستانیەتەکەی ڕۆمانی_یۆنانیان دەکرد.. وەلە هەمان ئەوناوچە پارێزراوانەدا، غەزوی موسڵمانەکان بەدرێژایی هەشت سەدە یەك

لەدوای یەکدا درێژەی کێشا، هەتا داگیرکردنی قوستەنتەنیە کە دوا بارەگای هێلینیزم بوو لەساڵی ١٤٥٣دا. لە ٦٣٢ تاکو ١٤٥٢ هەشت سەدە لەنەهامەتی ورەزالەت بەهۆی یەکەمین داگیرکرنی خێڵە عەرەبەکانەوە دەستی پێکرد. ئەم داگیرکاریانە بەشێکیان تەنها بەمەبەستی دزی وتالآنی ئەچوونە ناوچەکانەوەو بۆ ئەوەی لەم هێز بەکارهێنان و تالآنی ودزی‌یەدا خۆیان تێر بکەن، هەروەك ئەو خێڵە عەرەبانەی کەلەسەرەتا باکووری ئەفریقایان داگیرکرد. بەشەکەی تریشیان ترس و توقاندیان دەهێنایە کایەوەو دەستیان دەکرد بەوێرانکاریەکی زۆری ئەوناوچانەی کە پەلاماریان ئەدان، وەك خێڵە هیلالیەکان، کاتێك کە سوڵتانی فاتمیەکان لەساڵی١٠٥١دا لە قاهیرەوە ئەم خێڵانە ئەنێرێت بۆ رۆژئاوا بۆ ئەوەی سزای مەغریب بدات کەبۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ بە ئازادی مابووەوە. خێڵە عەرەبە بەئیسلام کراوەکان بەدوایاندا دێن و لە چەند هێرشێکدا دەست بەسەر ئیسپانیادا دەگرن( تاریقی کوڕی زیاد، کە خۆی هاوولآتی‌یەکی جەزائیریە، ناوی جبل التارق بەو چیایە ئەدات)، کە لە پاش ئەمانیش خێڵە مۆریتانیەکانی المرافیدی والمعادی دێن و پەلاماردەدەن.

لەدوای لاواز بوونی دیموگرافی بەدەوی‌یەکانی باشوور، بەدەوی‌یەکانی باکوور دەستیان کرد بە غەزو (داگیرکردن) لەدەشتەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە وهاوکاتیش تورکە بەئیسلام کراوەکانیش دەستیان پێکرد. ئەوان گوڕێکی نوێیان دابە داگیرکەرە عەرەبەکان. هێرش بردن بەرەو ئەنەدۆڵی بێزەنتی،لەساڵی١٠٧١دا بووە هۆی شکستی ئیمپراتۆری بێزەنتی‌نیەکان لەناوچەی مانسیکێرێتی بەشە رۆژهەلآتی‌یە لاتینی‌یەکەی ئیستای تورکیادا.لەکۆتایی‌دا مەغۆلیەکان دەرکەوتن، ئەویش لەپاش بەئیسلام بوونێکی درەنگ ترو بەزەحمەت تر. ئەوانیش چوونە ناو باکوری رۆژئاوای هیندستان و هەرلەوێش مانەوە. لێرەدا ناوی سەرکردەی تورك– مەغۆلەکان (تەیموری لەنگ)، بوو بەرەمزێك بۆ داگیرکاری. ئەو جەنگانەی

کەبەهاواری(ألله أكبر) ەوە دەکران، هەرلەمەغریبەوە هەتا هیندستانی گرتەوە. موسڵمانە خێڵەکیەکان هەروەك پۆلە کوللە هێرشیان ئەبردو هەرچ شتێك بهاتایە سەر ڕێگایان هەڵیان ئەلوشی و وێرانیان دەکرد. ئیبن خەلدون ئەم ڕاستی‌یەی نووسیوەتەوە، کەناتوانین گومانی ئەوەی لێ بکەین لەدەربڕینەکەیدا لادانێك لەڕاستی دا هەبێت، چونکە موسڵمانێکی زۆر باش بووە. لەڕاستی دا ئەوانە لە کوللە هەمیشە خۆرەکان زۆر وێرانکەر تر بوون، چونکە داگیرکاریەکانیان هەشت سەدە درێژەی کێشاوە، کە ئەنجامی کۆتایشی نەهامەتی‌یە. هەروەك(پێرین) نوسیوویەتی: (جیهانی دەریای ناوەڕاست کرا بەدوو کەرتەوە. ئەلێکسەندەریەو ئەنتیۆفیا وەك دوو لادێیان لێ هاتبو. پەیدا بوونی چەندەها شاری سەر ڕێگای کاروانە جەنگیەکان ناتوانێت جێی لەناو چوونی ئەو شارانەی تر بگرنەوە). جگە لەوەش کشت وکاڵ لەناوچوو. بەتایبەتی ئەمە لەبارەی باکوری ئەفریقاوە ڕاستە. بۆ نموونە" لە کیرنیایکە، کەپێش لەداگیرکاری خێلە هیلالیەکانەوە هەزارەها کێلگەی کشت وکاڵی تێدا بوژابووە وە، بەلاّم دوای داگیرکاریەکەی ئەوان هیچی نەمایەوەو لەناوچوون. دوا شاری یۆنانیەکانیش لەناوبرا. لەناوەندی شاری(کیرینا)ی داڕوخاو وێرانکراودا، کە ئیفلاتون لەوێدا ڕۆحی کردبە بەری نووسراوەکانی دا (وەك کۆمارەکەی ئیفلاتوون وئەتلەنتیدە)، بەدەوی‌یەکان ڕەشماڵیان تێدا هەڵ ئەداو قەبرە دابەستراوە بەردینەکانی کۆتایی ئەوشارە بەناوبانگە کرابوون بە تەویلە. ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستیش نەیتوانی لەدەست هەمان پەلامارو چارەنووس ڕزگاری ببێت. میزۆپۆتامیا، کە بەبیرنایەتەوە لەکەیەوە پرشنگدار بووە، کرابوو بەبیابانێك کە تەنها دوو ڕووباری پیادا تێپەڕ دەبوو. تەنها میسرو مێرگەکانی ئێران مانەوەو ئەوانیش، بە بەراووردکردن لەگەڵ ئاستی باری پێشویاندا، تاڕادەیەکی زۆر گەورە فەرامۆش کرابوون. عەرەبەکان بەخۆیان و ڕەشماڵ و ووشترەکانیانەوە کە لەبارن بۆسەفەر کردن. تورك و مەغۆلەکانیش کە

باشتر ئەزانن سەربازگەکانیان جێگیر بکەن لەشوێنی بەرزتر لەئاستی دەریادا و لەهەوای فێنك وخاوێندا، هەموو ئەو هۆکارانە دێهاتەکانیان بەرەو نیمچە لەناوچوونێك برد. ئەو دابەزینە لە دیمۆگرافیای ئەو سەردەمەدا بەڕوونی و ئاشکرایی دەبینرێت.. بۆ نمونە لە کێرتینیکا(قورتوبە) لەسەردەمی یۆنانی‌یەکاندا پێنج سەد هەزار دانیشتووی تێدا بووە، بەڵام لەسەردەمی ئیسلامەکاندا تەنها پەنجا هەزاری لێ ماوەتەوە.

هەڵگرانی دینی ئیسلام بەدەوین و ئەمەش جێگای شادی و دڵخۆشکەری شارستانیەتەکەیە. شێوازی ژیانیان ڕێگا بە ئیسلام نادات کە لەسنوورە جوگرافیەکەی خۆیان تێپەڕ بکەن، (جگە لەهەنێ باری تایبەتی جیاواز نەبێت کە دواتر باسی دەکەین). بەدەویەکان مەیلیان بەدەشتە تەختەکان هەیە و دواترین هەڵبژاردەی ژینگەیان بریتی دەبێت لەشاخەکانی دەورووبەر. بەدەویەکان لەخوارووی زەویەکانی ناوچیاکان و چڕی دارستانەکان و نەخۆشی‌یە ساری‌یەکانی ئاژەڵ دەترسن، لەبەر ئەو هۆیانە بوو کەچیاکانی لوبنان و یەمەن توانیان ببنە لانەی لادێی‌یەکان، وەهەروەها دۆڵە گەرمەکانی نیلیش.لەمیسری باکوورو یەمەندا شارستانیەتە کۆنەکانی پێش ئیسلام پارێزگاریان لێ کراو باکوری میسر بە مەسیحێتی مایەوەو لەیەمەنیشدا مەسیحیەکان بەڕووکەش کران بە موسڵمان. سەربازەکانی خودا پەلاماری خێراو کت وپڕیان بەجێ دەهێناو بەرەو ناو قوڵایە دارستانە ئەفریقی‌یەکان دەڕۆیشتن. باوەرزی‌یەکانی هیندستانیش ئازایەتی لێکەم دەکردنەوەو لەپەلاماردانی دەخستن. داگیرکاری‌یەکانی دەردەنیل و جەبەل تاریقیش درێژەیان نەکێشا، چونکە ئەورووپای شێدار لەگەڵ باری ژیانی بەدەوی‌یەکاندا ناگونجێت. لادێییەکان لەشاخەکانی باڵکان و نەمسادا خۆیان دەشاردەوەو لەباکوری بێرینیەوە پەلاماردانە کت و پڕییەکان پچڕپچڕ بوون.

بەمجۆرە، بەپێچەوانەی دینەکانی ترەوە(جگە لەتەنهایەك باری جیاواز نەبێت) ئیسلام بەشێوەیەکی نەپچڕاو بەستراوەتەوە بەناوچە فراوانەکە شایەتی بۆ لەدایك بوونی دینەکە دەدەن. ئەم دینە هەمیشە ناوچە جوگرافی‌یەکەی خۆی زیاد دەکات، بەلاّم هیچ کاتێك ناگونجێت کەپارچەیەك لەو نەخشەیە جیا بکرێتەوە. پاش ماوەیەکی زۆر ئیسلام وەك دینێکی بیابانی مایەوە، گەرچی ئەم ووشانە ڕۆژهەلاّتناسەکان توڕە بکات، بەلاّم زۆر ئاشکرایە کە ناتوانرێت ئینکاری لەو ڕاستی‌یە بکرێت.

کۆردۆڤا، گرینادا، دیمەشق وبەغداد، هەموو ئەمانەش واقعیەتێکی مێژوویین کەلەلایەن ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە بیریان لێ نەکراوەتەوە. بەدرێژایی نزیکەی دووسەدە ژیانیان ئەم شارانە ژیانێکی پرشنگدارو بەناوبانگیان هەبووە.

کەوایە بەلّگەنامەو دوپاتکردنەوەکانی (کساڤیێ دۆپلاّنۆلێ) هەلّەن؟! کە دەلّێت: (لەڕوانگەی مێژووی جیهانی‌یەوە، کاریگەری دینە تازەکە بریتی بوو لەسەرکەوتنی بەدەویتی و چوونە دواوەی ژیانی نیشتەجێتی، گەرچی هەندێك جار لادانێکی سنووردار تێدا شك دەبەین).

پاشان نووسەر دەفەرموێت : (بناغە جوگرافی‌یەکانی ئیسلام)، کە ئەمەش ناونیشانی پەڕتووکەکەیەتی.

ئیستا ئەتوانین سیناریۆیەکە دابڕێژینەوە.. سەرکردە جەنگی‌یەکان و بەڕێوەبەرەکانی جەنگەکان بۆماوەی دوو تا سێ سەدە فەرمانڕەوایەتی ئەو دانیشتوانەیان ئەکرد کە بەمەسیحێتی، زەردەشتی و هیندۆسی مابوونەوە. لەژێر سێبەری حوکمڕانی ئەواندا ئاشتی بناغەی خۆیی داڕشتبوو. پرشنگدارێتی شارستانیەتە داگیرکراوەکانیش یەکسەر نەکوژانەوەو بەردەوام بوون لەڕۆشن بوونەوەیان هەتاکو سەردەمی ئیسلامیش تیشکیان ئەخستە سەر بەرهەمێکی بێ‌مانای تێکەلاّوبوونی کەلتوری، کەوەستانەکانی بریتی‌بوون لەعەرەبەکان،ئەویش

تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان وەك دەسەڵاتدارێك ئاشتی‌یان دابین کردووە. ئەمە سەردەمێکی چەند کەلتوری بوو کە لەلوتکەی دەسەلاتی خەلیفەکاندا ئیسپانیاو وولاتی فارس و هیندستان بەخۆیانەوەبینیان. ئیمپراتۆریەتێکی چەند دینی لەبەر ئالۆزبوونی بارودۆخەکە حوکمی دەکردن، نەك لەبەر ئەوەی کەخەلیفەکان ناپاکێتیان بەرانبەر شەریعەت نواندبێت. ئەگەرچی دانیشتوانی ئەونەتەوانە لەژێر فەرمانڕەوایەتی موسڵمانەکاندا بوون، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەسەر ڕەوشت و نەریتە کۆنەکانیان مابوونەوە. بۆ نموونە..لەسەدەی هەشتەمدا یەکێك لەقەشە هەرە بەناوبانگەکانی کەنیسە(یۆهان دەمەسکین) وەك وەزیری ئابووری لای ئەمیرێکی عەرەب کاری ئەکرد. ئەوماوەیە سەردەمی پرشنگداری و درەوشانەوە گەورەکەی ئیسلام بوو. ئەمە ئەوکاتە بوو کەڤێلا ئەرستۆکراتی‌یەکان دەکران بەکۆشکی شێواز مۆریتانی و کۆشکی ئەمەوی‌یەکانی ناوبیابان. کۆشکە ساسانی‌یەکانیش بە شێوە قەبە تایبەتیەکەیانەوە کە بەسیرامیك داپۆشراون(ئەم شێوازە بنیاتنانە لەڕوسیاش هەیە)کران بەقوبەی مزگەوت ولەکۆتایشدا مزگەوتەکەی سوڵتانی قوستەنتەنیە هەمان شێوازی کەنیسەکەی(سێڤێتی صۆفیا)ی وەرگرت و ئەم مزگەوتە لەلایەن ئەندازیارە یۆنانی‌یەکانەوە بنیاتنرابوو، وە یەکێك لە ئەندازیارە بەناوبانگەکانی ئەم مزگەوتە ناوی (سینان) بوو.

ئیسلام لەسەرەتادا تەنها وێنە کێشانی ڕووی مرۆڤی ڕێگا پێدابوو. ئەم قەدەغەکردنە لەسەر شێوازی بیروو بۆچوونە هەڵەکەی تێك شکاندنی پەیکەرە دینی‌یەکان لەناو مەسیحیەتی ئەرتەدۆکسیەکاندا لایەنگرانی خۆی هەبوو لەسەدەی حەوتەم تا نۆیەمی زایینی‌دا، دارێژرابوو.

ئائەمەیە سەردەمی زاناوفەیلەسوفەکان، بەڵام ئەم سەردەمەش حوکمی ئەوەی بەسەردا سەپێنراوە کە درێژە نەخایەنێت.

موسڵمانە داگیرکەرەکان، پێویست بوو کەڕازی بن بەبوونی کۆمەڵگایەك کە(بێباوەڕەکان)ی تێدا بێت لەو سەرزەویانەی کەداگیریان کردبوو. هەر لەوپێداویستی‌یەوە بوو کە دەستوریکی کۆمەڵایەتی نزمیان بۆ دیاری کردن و هەتاکو قەشـە(یۆهان دەمەسکین)یش نەیتوانی وەك وەزیرێك بمێنێتەوەو بەپێویستی زانی کە بگەڕێتەوە بۆ قەشە.ئەوەیان هێنایە کایەوە کەگشت فەرمانبەرەکانی میری کە پێویستە مل کەچی ( ألله) بن، واتە موسڵمان بن لەمەش خراپتر ئەوەیە کە تەنها بێ باوەڕەکان پێویست بوو کە باج بدەن بەموسڵمانەکان، بەڵام موسڵمانەکان لەم باج دانە ڕزگار کرابوون.

جا بۆ ئەوەی کە لەئاستی دەستوری کۆمەڵگادا بەرز ببنەوەو هەروەها لەبەر هۆکاری باجەکان ئەبینین کە ڕێکەوتی قبوڵ کردنی دینی ئیسلام لەلایەن باوەڕدارانی دینەکانی ترەوە زۆر زۆر زیاتر بەرچاو ئەکەوت.

لەوساتەوە کەزۆربەی زۆری دانیشتوان وازیان لەمەسیحیەت و زەردەشتی و هیندۆسی هێنا، وێنە خەیاڵیە جوانەکەی ئیسلام کە لە ئەندەلوسدا خۆی ئەنواند، بەهێواشی بەرەو تاریکی ئەڕۆیشت.

بەڵام ئەو وێنەیە بە یەکجارەکی بەرەو نەمان نەڕۆیشت. دەوڵەتی عوسمانی قوستەنتەنیە هەر پارێزگاری لەپایەو بەرزێتی دەوڵەتی بێزەنتینی دەکرد.(وەلەڕاستیدا بەشێکی گەورەی دانیشتوان لەوێ هەر بە مەسیحی مانەوە هەتا ساڵی ١٩١٩ز). شاری سەنعاو هەروەها هەموو شارە یەمەنیەکانی تر لەپێدەشتی شاخەکاندا بەنەگۆڕاوی مانەوەو هەتاکو ئەمڕۆشمان.(بەڵام هەروەك باسمان کرد لە بواری ئەو خونەریتەی پێش ئیسلامدا). ئەوەی لەبواری زیرەکی و توانای فارسەکانەوە، کە توانیان شارە قەشەنگەکەی ئەسفەهان لە(١٧ز) دروست بکەن، ئەتوانین بڵێین جوانترین و قەشەنگترین دەستکردی بنیاتنانی ئیسلامییە !.

لەسەر ئەمەشەوە دادە ترسناکەکەی پلأنۆلّ لەبارەی(بەبەدەوی کردنێکیسەرتاپایی) بەشێك لەو ڕاستیە دەردەبڕێت. بیٚگومان بەم جیهانە بەدەویەتەوە، سوپای مەمالیکەکان خۆیدا بە خەلّکانی چەرخی ڕۆشنکردنەوە، کاتێك لەسالّی ١٧٩٨ ز پێیان نایە ناوخاکی فیرعەونەکانەوە، کە لەو کاتەدا بووبوون بەسەنتەری سەر ئێشەبۆ ئیسلام.

# Jean Claude Bearrau

Kayhan Aziz
K. Chrostani

**1997**